زنجیرەی بابەتە هەنوکەییەکان

ئەلقەی دووەم

عەلی باپیر

باوەڕیابین

داروخانی ڕەووشت

کوڕەلکاکەمان بەرەوهەلدێر دەبات

بڵاوکردنەوەی دەزگای تەفسیر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM
منتدى إقرأ الثقافي

بسم الله الرحمن الرحيم

باوریابین

دارووخانی بەدوشت

کومەلگاکەمان بەرەو هەلدیر دەبات

باوڕیابین

داڕووخانی ڕەوشت

کۆمەڵگاکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات

عەلی باپیر

بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێب: باوریابین داروو خانی ڕەوشت کۆمەڵگەکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات

نوسەر: عەلی باپیر

بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر/ هەولێر

خەت: نەوزاد کۆیی

بەرگ: أمین مخلص

ساڵی چاپ: ١٤٢٧ك - ٢٠٠٧ز

تیراژ: ٣٠٠٠ دانە

لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٩٥٠) ی ساڵی ٢٠٠٦

بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن

هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس

ت : ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨

مۆبایل : ٢٢ ٥١ ٤٦٠ ٠٧٥٠ - ٩١ ٧٢ ١٣٨ ٠٧٧٠

tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ وَإِذا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا
فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا ﴾ (الإسراء- ١٦)

پێشکەش بۆ

- بەو گەنج و لاو(کچ و کور)انەی کە لە تافی لاوێتیدا، بە هۆی ئیمان و تەقواوە، لەبەردەم گێژەڵووکەی فەسادو ئارەزووبازی ئەم ڕۆژگارەدا، وەك کێو ڕاوەستاو و نەلەخشاون.
- بە هەموو ئەو کەسانەی کە دڵسۆزی میللەت و وڵاتەکەیانن و، لەبەرامبەر پاراستنی کەرامەت و شەرەف و ڕەوشت و ئەدەبی کۆمەڵگاکەیان دا هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن و ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ دەکەن.

پێشــەکی

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وآله المهتدين بهداه

خوێنەری بەرێز :

لەپێشەکی چاپی سێیەمی ئەم نامیلکەیە بــە پێویـستی دەزانم ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەم:

١- بێگومـان ئینسان بەبێ خوو ڕەوشتی بەرزو پەسند بەرزو جوان ناتوانــێ ژیــانێکی پــاك و چــاك و بەختەوەرانــەی شایــستەی ئینسان بەرێتە سەرێ .

بۆ نموونە :

ئایا خەڵك و کۆمـەڵگایەك لە جیاتی ڕاستیی و ســاغیی، درۆو دەلەسەو فرت و فێڵ و، لە جیــاتی بــەزەیی و پــەرۆش و یەکـدی خۆشەویستن و ڕێز لــە یەکـدی گـرتن، دڵڕەقیــی و بــێ ڕەحمــی و بوغزاندن و بەسووك ســەیرکردنی یەکـدی و، لــەجیاتی شــەرم و شکۆ، بێشەرمیی و بەندو باریی و، لەجیاتی داد گەریی، ستەم و زۆرو، لە جیاتی ئەمان خیانەت و، لە جیاتی خـۆ بەکـەمگریی و خاکییێتی، خۆ بـەزلگریی و فیــزو کەشـخە نوانـدن و، لــەجیاتی دڵسافیی، سینەپیــسی ... هتـد بکەنــە پیــشە لــەبواری ڕەفتــارو مامـەڵەیان لەگەڵ یەکدیدا، چۆن دەگونجێ بــەکۆمـەڵگایەکــــی ساغو سەلیم و تۆکمە ڕێکوپێك دابنرێ ؟!!

دیارە هەر بۆیەشە کە پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرموویــەتی (فاذا رأيت هوىً متَّبعــاً، وإعْجـاب كـلِّ ذي رأي برأيــه فعليــك بخويصة نفسك وَ دَع عنك أمْرَ العامَّة) واتە: جــا هــەر کــات لــە کۆمـەڵگادا بینیت خەڵك شــوێن ئــارەزووان دەکــەون و ڕژدیــی و چرووکی یان بەسەردا زاڵ بووەو، هەرکەسە بەس بیــروڕای خــۆی پێ ڕاستەو بە کەس ڕەی کــەس ناپێوێــت، ئــەوە لەگــەڵ خــۆت خەریك بەو واز لە خەڵك بێنە ..

دیارە مەبەستی پێغەمبــەری خــوا ﷺ ئەوەیــە کــە کاتێــك (خەڵك و کۆمـەڵگایەك ڕەفتارو خەسڵەتە نزم و پەستەکانی تێــدا بڵاودەبنەوەو تێیدا تەشەنە دەکەن کەسێك کــە توانــای گــۆڕین و چاکسازیی نەبێ، وا سەلامەت ترە کە گۆشەگیــرو خۆپارێز بێــت نەوەك ئەویش بەو دەردو نەخۆشیانەوە گیرۆدەبــێ کــە تەشــەنەیان کردوە .

٢- شتێکی ئاشکرایە کە وڵاتی ئێمــەش (کوردســتان و عێــراقیش) کەم و زۆر پڕیشکی ئاگری ئەو تەوژمە ماددیگــەرایی و ئــارەزوو پەرستیی و بێ بەندو بارییەی کە بە هۆی شارستانێتی ڕۆژئــاوای ژیان بە ماددە دانەرو مرۆڤــ بــە ئــاژەڵ و ســەیرکەرەوە، ســایەی شوومی بەسەر دنیادا کێشاوە، بەرکەوتوەو توێژێکی فراوان کەمو زۆر دەستی پێیەوە چزاوە.

ئینجا گومانیشی تێدانیە کە هەمیشە خەڵك خستنە شوێن هەواو ئارەزووەکانیان ئاسانترە لە ئیقناع کردن و وادارکردنیان بە خۆ ڕازاندنەوە بە خووڕەوشتە بەرزو جوانەکان. چونکە شوێن هەواو ئارەزوو کەوتن- کە مرۆڤ گیرۆدە دەکات بە خوو و خەسڵەتە نزم پە ستەکانەوە- وەك خلۆر بوونەوەو سەرەوژێربوونەوە وایە لە بەرزاییەوە بۆ نزمیی و نشیو، بەلآم خۆڕازاندنەوە بە ئەدەب و بەهاو ڕەوشتە بەرزو جوانەکان، وەك سەرکەوتن و بەرزبوونەوە وایە بە هەورازدا! هەر بۆیەش پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (حفت الجنة بالمكاره وحفت النار بالشهوات) (متفق عليه) واتە: بەهەشت بە سەختیان دەورە دراوەو ئاگر (دۆزەخ)یش بە ئارەزووان تەنراوە.

کەواتە: پێویستە هەموو لایەك بزانین کە پرۆسەی پێشگرتن لە (دارِووخانی رەوشت و خووی بەرز)و ڕێگرتن لە بلآوبوونەوەو تەشەنەکردنی خوو وخدەو ڕەفتارە دزێو و ناقۆلآو زیان بەخشەکان کارێکی قورس و بەزەحمەتەو ئاسان نیە ، دیارە هەمیشەش بیناکردن لە ڕووخاندن و تێکدان قورسترە !

٣- بلآوبوونەوەو پەرەستاندنی رەوشت و خووی دزێوو ناشیرین وەنەبێ تەنها لە لایەنێك و دووانەوە زەرەرو زیان بە کۆمەڵگایەکەمان بگەیەنێ، بەڵکو زیانەکانی گشتیی و هەمەلایەنەن ولە ڕووی:

ئەمنـــی نەتـــەوەیی، سیاســی، ئابـــووری، کۆمەڵایـــەتی، فیکریی.. هتدەوە زیانمان لێدەدات، چونکە بە داڕووخانی ئەدەبو ڕەوشـــتە بـــەرزەکان و ژێرخـــانی رووحـــی و فیکریـــی و کلتـــوریی کۆمـەڵگا هەڵدەتەکێو، بڵاو بونەوەی خوو خـدەو رەوشـتی بـەدو دزێویش وەك دەردو پەتایەك سەرجەم لایەنەکانی ژیان و گـوزەران گەندەڵ دەکات .

٤- دیارە بەرەنگاربوونـەوەی دیـاردەی داڕووخـانی خـوو رەوشـتی بەرزو پەسندو تەشەنەکردن و بڵاوبوونـەوەی رەفتـارو خـوو و خدەی نزم و پەستیش ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکـە نـەك تەنیا هـی ئیـسلامییەکان و زانایـانی ئیـسلام و ... هتـد . چونکە بەهرەمەنـد لـە رەوشـت و خـووە بـەرزو پەسـندەکان هەمووماان و زەرەرمەندیش لە هـی خـراپ و نـزم و دیـسان هـەمووماانین ! ئایـا تاکـەکانی کۆمـەڵگا تێکـڕا لەسـاغ و سەلامەتی و خێرو خۆشی نێو کۆمەڵگاکەیان قازانج ناکەن و هەمووشـیان لـە دەردو نەخۆشـیی و گرفتارییـەکانی زەرەر ناکەن؟!

٥- چارەسەری دیاردەی داڕووخـانی رەوشـت و خـووی پەسـندیش پێویستە هەم گـشتگیرو هەمەلایەنـە بێـت و هـەم قـووڵ و ڕیشەییش بێ.

مەبەستیشم لە گشتگیریی و هەمەلایەنەیی ئەوەیە کە سەرجەم توانـاو وزە سیاســی و کۆمەڵایـەتی و ئـابووریی و فیکریـی و

ئیعلامیی ... هتدەکانی بۆ بخرێتە گەڕو لــە هــەموو ڕێیەکانــەوە بۆی بچین ، دیارە دەردو نەخۆشــییەکیش زیــان بــە هــەموو کــەس و سەرجەم لایەنــەکانی ژیــان و گــوزەرانی تــاك و خێــزان و کۆمــەڵگا بگەیەنێ پێویستە تێکــڕای وزەو توانایــەکانیش بــۆ چارەســەرکردنی دابین بکرێن .

مەبەستیشم لە (قووڵ و ریشەیی) ئەوەیە کە بــەهێزترین ســەنەدو پشتیوانی ئەدەب رەوشتی بەرزو جوان – بە تایبــەتی بــۆ خــەڵکێکی مسوڵمان – بریتیە لە ئیمان و پەیوەندی مەحکەم و ڕاست و دروست بە خواوە، بۆیە پێویستە لێرەشەوە واتە لە بووژاندنەوەو بــەهێزکردنی ئیمان وعەقیدەو گیانی خوا پەرستیی و دینداریی لە عــەقڵ و دڵــی خەڵکەکەمان – بە تایبەتی چینی گەنج و لاودا – بیر لە چارەســەری دەردی ناوبراو بکەینەوە، پێشینانیش گوتویانە: ((ئاو کە لە سەرچاوە لێڵ بوو، لە جۆگایە ڕوون نابێتەوە)) .

ئیدی بەهیوای ئەوە کە بــە هــەوڵ و هیممــەتی دڵــسۆزانی گــەل و کۆمەڵگایەکــەمان بتــوانین خەڵکەکــەمان لــە داڕووخــانی رەوشــت بپارێزین کە بــە تەئکیــد مایــەی پووچــەڵیی و گەندەڵیــەتی و، بــە عەیبداریی دنیاو گوناهباریی قیامەتیشی تەواو دەبێ.

سبحانك اللهم وبحمدك اشهد الا اله الا انت استغفرك واتوب اليك

٢٤ رمضان ١٤٢٧

١٦ / ١٠ / ٢٠٠٦

هــەولێر

ئەم نامیلکـەیە

ئەم نامیلکەیە بریتی یە لە دەقی ئەو وتارەی کە بەنـدە لەسـەر مینبەری مزگەوتی (جیهاد) لە شاری (سلیمانی) داویـەتی، لـە ڕۆژی جومعـــــە (٥ی ڕەبیعـــی یەکــــەمی ١٤٢٣) بەرامبــــەر (١٧/٥/٢٠٠٢) لـەژێر هـەمان ناوونیـشاندا (بـا وریـا بـین! داڕووخانی ڕەوشت کۆمـەڵگاکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات).

پاشان برای دڵسۆزو خۆشەویستم کاك(مـەلا بیلال قـەڵادزەیی) لە کاسێتەوە هێناویەتە سەر قاقەز، خوا پاداشتی بداتەوە، دوایی خۆشـم پێیداچـوومەتەوەو چـاوم پێیـدا گێڕاوەتـەوەو لـە چـەند شوێنێك دا هەندێك وشەو ڕستەیم دەستکاری کردوەو بێجگە لـە زیادکردنی چەند ڕستەیەکی کەم لە چـەند جێیەکـدا، وتارەکـە کتومت وەك خۆی مـاوەتەوە.

گومـانیشی تێدا نیە کە بابـەتی ئـەدەب و ڕەوشـت و خـوو بـە گشتی و بە تایبەت ئەو بەشەی ئـەدەب و ڕەوشـت و ئاکـار کـە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاوو لایەنی جینسییەوە، بابەتێکی یەکجار هەستیارو گرنگە و پێویستە- ئەگەر بویستریَ هەقی خۆی بدرێتیَ- نەك وتارێك و دووان و نامیلکەیـەك بگـرە چەندان وتارو نامیلکەو کتێبی سەربەخۆی بـۆ تـەرخان بکـرێن،

بـەڵام وەك گـوتراوە، ئـەوەی فریـای هەموویـشی نەکـەوی نابـێ هەندێکیشی لـێ فەرامۆش بکرێ (مالا یدرك کله لایترك بعضه).

هیواداریشم ئەم وتارو نامیلکەیە لەگەڵ کورتیـشی دا پوخـت بێت و جەوهـەرو کاکڵـەی مەسـەلە پێویـستەکانی ئـەم بابەتـە گرنگ و گەورەیـەی خـستبێتە ڕوو و تیـــرێك بوویێـت چـەندان نیشانەو ئامانجی پێکا بێ!

ئەحمەدئاوا

٢٠٠٢/٧/١١ ز

دەقی وتارەکـــە

ان الحمدلله نحمده ونستعينه ونستغفره ونستهديه، ونعـوذ بـالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده فـلا مـضل لـه ومن يضلل فلا هادى له، وأشهد ان لا اله الا الله وحـده لاشـريك له وأشهد ان محمدا عبده ورسوله صلوات الله تعالى وسلامه عليه وعلى اله وصحبه ومن اهتدى بهديه.

اما بعد: أوصيكم عبادالله و قبلكم نفـسى بتقـوى الله قـال- جلّ وعلا- في محكم كتابه: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّـذِينَ آمَنُـواْ اتَّقُـواْ اللّـهَ حَـقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾.

دەستپێك

موسڵمانە بەڕێز و خۆشەویستەکان، خوشکان و برایان! لە وتاری ئەمڕۆماندا لە ژێر ناوونیشانی (باوریا بین داڕووخانی ڕەوشت کۆمەڵگاکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات) لەژێر ئەم ناوونیشانەدا وتاری ئەمڕۆتان ئاراستە دەکەم، کە تەرخانم کردوە بۆ باسی دیاردەیەکی زۆر ترسناك، کە لە سەر تاسەری دنیادا لە پەرەسەندن دایەو کەموزۆر پڕشکیشی گەیشتۆتە کۆمەڵگای کوردەواریمان.

ئەویش بریتییە لە دیاردەی (داڕووخانی ڕەوشت) بە تایبەت لە بواری جینسی و لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان پیاوان و ئافرەتانـدا کە بوارێکی زۆر حەساس و گرنگ و بایەخدارەو، شەریعەتی خوای پەروەردگار چ ئایەتەکانی قورئان، چ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ پانتاییەکی زۆریان تەرخان کردوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنە کە لە ڕووی شەرعییەوە میللەت و کۆمەڵگایەکی موسڵمان پیاوان و ئافرەتانی، نێرو مێیەکانی، پێویستە چۆن بەیەکەوە ڕەفتار بکەن؟ وە چۆن لە ڕووی جینسییەوە مامەڵە بکەن؟ جا ڕەنگە زۆر لە موسڵمانان تارادەیەك پێیان شتێکی سەیربێ کە لەسەر مینبەری پێغەمبەردوە ﷺ

باسی ئەو جۆرە بابەتانە بکرێ، بەڵام لە ڕاستیدا نەك هەر سەیر نیە، بەڵکو زۆر شتێکی ڕەوایەو زۆر شتێکی ئاساییە کە ئایەتەکانی قورئان کە خوای کار بەجێ ناردوونی، وە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ چ پەیوەندی یان بە حوکم و سیاسەتەوە هەبێت، چ بە لایەنی ئیمان و عەقیدەوە، چ بە لایەنی ئابوورییەوە چ بە لایەنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چ بە لایەنێکی دیکەوە، پێویستە بێ پەرواو بە ڕاشکاویی و بە ڕوونی بخرێنە بەرچاوی موسڵمانان، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك لە هەموو ئەو بوارانەی ژیان و گوزەرانیان دا بجوولێنەوە هەڵسوکەوت بکەن کە لە میللەتێکی موسڵمان و لە کۆمەڵگایەکی موسڵمان بوەشێتەوەو شایەستەیان بێت.

دیارە چ(بەندە)چ هەر وتاربێژ (خطیب)ێکی دیکە کە لەسەر مینبەری پێغەمبەر ﷺ ڕادەوەستێ و وتاری هەینی (جمعە) یان هەر وتارو هەر ئامۆژگارییەکی،هەر بۆنەیەکی دیکە ئاڕاستەی موسڵمانان دەکات، دەبێ لە ڕووی دڵسۆزیی و بەزەیی و **پەرۆشەوە** لەگەڵیان بدوێ، منیش ئەم وتارەم و هەر وتارێکی **دیکەشم** سوپاس بۆ خوا هەر لەسەر ئەو بناغەیەو هەر بەو **شێوەیەو** بەو هاندەرەیە.

پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هەمیشە بە میللەتەکانی خۆیانیان فەرمووە: ﴿ وَأَنَاْ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴾ (الاعراف - ٦٨) واتە: من بۆ ئێوە دڵسۆزێکی[1] ئەمیندارم[2].

وەك پێغەمبەری خوا (محمد المصطفى) ﷺ لە یەکێك لە فەرمایشتە شیرینەکانیدا دەفەرموێ: (الدين النصيحة) رواه مسلم، واتە دینداریی بریتیە لە دڵسۆزیی و پەرۆش و ساغیی، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ تێکرای موسڵمانەتی و دینداریی لە دڵسۆزیی و بەزەیی و پەرۆش بۆ موسڵماناندا کورت دەکاتەوە! جا دیارە دڵسۆزیی بابایەکی زاناو پێشەواش بۆ میللەتەکەی لەوەدایە کە هەرچی خێرو چاکەی ئەوانی تێدایە دەبێ بۆیان بخاتە ڕوو، وە ڕاشکاوانە نوختەیان بۆ بخاتە سەر پیتەکان و، جوان جوان حاڵی یان بکات لە حەڵاڵ و حەرامێك کە خواو پێغەمبەری خوا فەرموویانەو ناردوویانە، وە سنوورەکانی حەڵاڵ و حەرام و سنوورەکانی تاعەت[3] و مەعصیەتیان[4] جوان جوان بۆ ڕۆشت بکاتەوە.

---

(١) (ناصح) واتە: دڵسۆز، خاوەن بەزەیی و پەرۆش و خەمخۆر.

(٢) (امین) واتە : ئەمیندار، کەسێك کە شایستەی ئەوەبێ سپاردەی پێ بسپێری،(امين) پێچەوانەی (خائن)ە واتە: من لەگەڵ ئێوە دەست پاکم و دەم پاکم و ئەمیندارتانم، وە دڵسۆزیشتانم و بەخەمتانەوەم و پەرۆشتانمە.

(٣) الطاعة: فەرمانبەرداری و بەقسەکردن.

(٤) المعصية: سەرپێچی و کەللەڕەقی.

جا سوپاس بۆ خوا خوشك و برایانی موسڵمان! کە ئێوە وەك ئەهلی ئەم مزگەوتە[٥](مزگەوتی جیهاد)چ برایان چ خوشکان خوا پێدراون و هیدایەتدراون، بەڵام من ئەو بابەتە ڕوون دەکەمەوە بۆ ئەوەی هەم ئێوە بەرچاو ڕوونانەترو عەزیمەتدارانەتر ئەو ڕێبازەی گرتووتانە کە ڕێبازی پێغەمبەرە ﷺ پێیەوە پابەندبن و لەسەری برۆن، چ خوشکان چ برایان ئەو ئەدەب و ڕەوشتە ئیسلامییانەی کە خۆتان پێ ڕازاندوونەوەو ڕەچاویان دەکەن پێیانەوە پابەندن، زیاتر خۆتانیان پێبڕازێننەوەو زیاتر جەختیان لەسەر بکەن، وە پاشانیش لە پشت ئێوەیشەوە قسەکانم ڕوویان لەو خەڵك و میللەتەی خۆمانە بە گشتی، ئەم کۆمەڵگایەی خۆمان کە خۆمان لە بەرامبەریدا بە بەرپرسیار دەزانین وە خۆشمان بۆی بە خاوەنی بەزەیی و پەرۆش دەزانین، مەرج نیە ئێمە هەر خۆمان بە دڵسۆزی ئەهلی مزگەوت بزانین، ئەوانەی کە لە دەرەوەی مزگەوتیشن، سەرجەم ئەوانەی کە ئوممەتی پێغەمبەرن ﷺ بگرە بەزەیی و پەرۆش و دڵسۆزییمان بۆ تێکڕای خەڵك و میللەتی کوردستانە، چ ئەوەی کە ڕوو لە قیبلە دەکات، وە چ ئەوەی کە ڕووشی تێناکات، چونکە ئێمە کەسێك کە وەك برایەکی دینی و خوشکێکی دینیش بۆی بە بەزەیی و

---

(٥) هەروەها ئەهلی هەموو مزگەوتەکانی دیکەش هەروان بە گشتی بەڵام لەو کاتەدا ڕووی قسان لەوان بوو.

پــەرۆش نــەبین، وەك ئینــسانێك كــە خــوا خولٌقاندوویــەتی بــۆ بەندایەتی خۆی و پابەندیی بە ئاینەکەیەوە بۆ ئـەوەی بـە هـۆی بەندایەتیکردنی بۆ خوای پەروەردگارو دادگەر (تبارك و تعـالی)و شوێنکەوتنی شەریعەتەکەیەوە سەربەرز و ڕووسوور و سـەرفرازی دنیاو دوارۆژ بێ لەو ڕووەوە بۆ ئەویش هەر دڵسۆزین.

ئەوەش بیدعەتێك نیە خۆمان دایبهێـنین بـەڵكو سـوننەت و ڕێبازی پێغەمبەرە ﷺ،پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێـك چـوو بـۆ لای گەلی (طائف) تاکو بانگیان بکات بۆ لای خوا بۆ بەندایەتی بۆ خوا بۆ ئەوەی سەرفرازو بەختەوەری دنیـاو دوارۆژ بـن، کەچـی ئـەوان زۆر نانەجیبانــەو بێنەزاکەتانــە وەڵامیــان دایــەودو بــەرد بارانیان کرد، لەو کاتەدا(جبریل) سەلامی خـوای لــێ بـێخوای پەروەردگار ناردی بۆ لای (محمد المصطفى)ﷺ فـەرمووی: ئـەوە خوای بەرزو مەزن دەفەرمویٚ: ئەگەر حەز دەكات تـاكو فـەرمان بکەم بە فریشتەی چیایەکان و ئەو دوو چیا بەرزو سەرکەشە- کە شاری (طائف)یان کەوتوەتە نێـوان- بـە سـەریاندا بـڕووخێنم و قەڵاچۆو بنبـڕ بکرێن، مادام ئاوا ئیهانەیان بە پێغەمبـەری خـوا کرد، بەڵام پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: [٦] نەخێر، ڕام لەسەر ئەوە

(٦) پێغەمبەر ﷺ لە یەکێك لە پێغەمبەرانی خواوە گێڕاویەتەوە کە لە بەرامبەردا فەرموویەتی: (اللهم اغفر لقومي فانهم لايعلمون) متفق عليه. واتە: خوایە لە گەلەکەم ببوورە چونکە نەزانن – بۆیە وا دەکەن!.

نیە، ئەوجا فەرمووی: ئومێدی ئەوە دەکەم لە خوای پەروەردگار کە ئەوانەش هیدایەت نەدرێن،لەوەچە (نسل)ی ئەوانە کەسانێك پەیدابن کە سەجدە بۆ خوا بەرن و بەندایەتی بۆ خوا بکەن، وەك (بخاری و مسلم) لە (عائشة)وە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویانەتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ پێشەوای ئێمە ئاوا بە بەزەییانەوە ئاواش دوور بینانە لەگەڵ خەڵکدا ڕەفتارو مامەڵەی کردوە، وە بەو شێوەیە بۆیان بە پەرۆش و بە بەزەیی بووە.

جادیارە من وەك عادەتی خۆم بۆ ئەوەی کە باشتر مەبەستەکە ڕوون بێتەوە بۆم خستونە چەند خاڵێکەوە:

خاڵی یەکەم: ڕەوشت و خووی بەرزو پەسەند شوورەو حەسار و پەرژینی کۆمەڵگایە:

دیارە مەبەستمان لە ڕەوشت و خووی بەرزو پەسەند، مانای فراوانی ڕەوشت و خوویە، چ پەیوەندی بە لایەنی جینسییەوە هەبێت کە ئەم وتارەمان بۆ تەرخان کردوە، چ پەیوەندی بە لایەنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبێت، چ پەیوەندی بە لایەنی حوکم و سیاسەتەوە هەبێت، چ پەیوەندی بە لایەنی بازرگانی و مامەڵەو سەوداوە هەبێت - واتە لایەنی ئابووری، وە چ پەیوەندی بە لایەنی جەنگ و جیهادەوە هەبێت، لە هەموو ئەو لایەن و

بوارانەدا شەریعەتی خوای کاربەجێ کۆمەڵێك ئاداب و ڕەوشـتی بەرزو جوانی بۆ موسڵمانان دەستنیشان کردوە، کە دەبێ خۆیانیان پێ بڕازێننەوە.

موسڵمان چ پیاو چ ئافرەت، چ پیـر چ گەنج، چ ورد چ درشت، هەر هەمووی لە قورئان و سونەتدا کۆمەڵێك ئاداب و ڕەوشـتی بەرزی بۆ دیاریکراوە، کاتێك بە موسڵمانی تەواو عەیار لە قەڵەم دەدرێ کە ئەو ڕەوشت و ئادابە بەرزانە ئەو ئەخلاقە جوان و دڵگیرو پەسەندانە ڕەفتار پێ بکات و خۆیـان پێ بڕازێننێتەوە.

پێغەمبەر ﷺ لە زۆر لە فەرمایشتەکانی دا باسی گرنگی و بایەخی ڕەوشت و خووی کردوە کە ئێمە هەر ئاماژەی پێ دەکەین:

بۆ وێنە دەفەرموێ: (إن المـؤمن لَيُـدْرِك بِحُـسْنِ خُلُقِـه درجـة الصائم القائم) (أبوداود عن عائشه رضى الله عنهـا). واتە: (ئیمانـدار بە هۆی ڕەوشتی جوانییەوە دەگاتە پایەو مـەقامی کەسـێك کـە هەمیشە بەڕۆژوویە (ڕۆژووی سـوننەت)وە هەمیـشەش شـەونوێژ دەکات).

واتە: ئەگەر کەسـێك هـەبێ هەمیـشە شـەوەکان نەخـەوێ و شەونوێژ بکات، ڕۆژەکانیش هەمیـشە ڕۆژووی سـوننەت بگـرێ، ئینسان بەهۆی ڕەوشتی جوانییەوە چ پیاو بـێ چ ئـافرەت دەگاتـە ئەو پلەیە.

لە فەرمایشتێکی دیکەدا دەفەرموێ: (مامن شيء أثقل في ميزان العبد المؤمن يوم القيامة من حسن الخلق) (رواه الترمذي) وقال: حسن صحيح، رياض الصالحين، ص ٢٢٨.

واتە: (قورسترین شت لە تەرازووی چاکەکانی ئینسانی موسڵماندا لە ڕۆژی دواییدا ڕەوشتی جوانە)، ڕەوشتی جوان لە هەموو شتێك قورسترو گرانترە.

هەروەها خوای پەروەردگار کە ویستوویەتی مەدح و ستایشی پێغەمبەری خۆی ﷺ بکات لە بەرانبەر پڕوپاگەندەو تۆمەتی جۆراوجۆری کافرەکاندا کە ڕۆژێك پێیان دەگوت شێت (مجنون)ە و ڕۆژێك دەیانگوت جادووگەر (ساحر)ە ڕۆژێك دەیانگوت فاڵچی (کاهن)یە، جا خوای پەروەردگار بە چی بەرپەرچی ئەو پڕوپاگەندانە دەداتەوە؟ دەفەرموێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ (١) مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ (٢) وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ (٣) وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ (٤)﴾ (القلم).

بەوە بەرپەرچی پڕوپاگەندەی ناحەزانی پێغەمبەر ﷺ دەداتەوەو دەفەرموێ: چونکە تۆ ڕەوشتێکی بەرزو گەورەو پەسەندت هەیە ئەی (محمد) ﷺ تۆ شێت و جادووگەرو فاڵچی نی، پڕوپاگەندەو تۆمەتەکانیان ناڕاستن چونکە تۆ ڕەوشتت زۆر بەرزو جوانە.

دەگونجێ ئینسان زانا بێت، دەگونجێ لە عیبادەتدا زۆر خۆی

ماندوو بکات، دەگونجیّ زۆر خاوەن دەسەڵات بێت، وە هەروەها بەڵام مەگەر پەیوەندی زۆر قایم و مەحکەمی لەگەڵ خوا (جلّ جلاله) هەبیّ، مەگەر عەبدی زۆرباش بیّ بۆ خوا، ئەگەرنا ناتوانیّ هەمیشە ڕەوشتی بەرزو جوانی هەبێت، جا وەك زانایان گوتوویانە: خوای پەروەردگار ئەوەندە بە ڕەوانبێژی (بلاغە)یەوە ئەوەی فەرمووە، نەیفەرمووە: تۆ ڕەوشتێکی جوانت هەیە، بەڵکو دەفەرمویّ: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾(القلم -٤)، (إِنَّ) ئەداتی تەئکیدە، واتە: بە تەئکیدی تۆ (لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ) واتە: وەکو ئەوە کە ڕەوشتی بەرزو جوان ولاخێکی سواری بێت و پێغەمبەریش ﷺ سواری بووبێت و لەسەر پشتی بێت، واتە ئەوەندە ڕەوشت بەرزی، وەك ئەوەی کە ڕەوشت بەرزیی بۆ تۆ بووبێتە (مرکوب)ێك، تۆش لەسەری سەقامگیر بووبی.

وە شاعیرێك زۆر جوان دەڵێت:

(وانما الامم الاخلاق ما بقيت

فان هموا ذهبت أخلاقهم ذهبوا)[(٧)]

واتە: میللەتان بریتین لە ڕەوشتی بەرزو جوان هەر کاتێك ڕەوشتی بەرزو جوانیان لە نێودا نەماو داڕووخا ئەوانیش دەڕۆن و کۆتاییان پیّ دێت.

---

(٧) کە (احمد شوقی)یەو ناسناوی (امیرالشعراء)ی هەبووە.

مەبەستمان لە ڕەوشتی بەرزو جوان وەك گـوتم: ئـەوە نیـە کـە ئافرەت خۆی داپۆشێ و پیاو بە حەرامی بۆی نەڕوانێ و ئاگایـان لە داوێنی خۆیان بێت و عەورەتی خۆیان داپۆشـن و ئـەو چـەند شتانەو بەس، نەخێر، مەبەستمان پێ مانای فراوانی ئـەو وشـەیە هەر لە ڕاستگۆیی و ڕاستبێژی، هەر لەدەم پاکی و دەست پـاکی، هەتا سەخاوەت و بەخشندەیی، هەتا جـوامێری و شـەهامەت و بوێری، هەتا بەزەیی و سۆزو دڵسۆزی و پـەرۆش لەگـەڵ خـەڵك، هەتا خاوەن بەڵێن و پـەیمان بـوون، پێـدا بـڕۆ تـا کۆتـایی ئـەو لیستەی کە زۆر درێژە،جا ڕەوشت و خووی بـەرزو جـوان بـەمانای فراوانی ئەو وشەیە سیاج و پەرژینێکە بەدەوری هـەر میللـەت و کۆمەڵگایەکەوە، میللەت وکۆمەڵگاکان بە ڕەوشتی بەرزو جـوان دەتوانن بەیەکەوە بژین، ئەگەر خەڵك لەگـەڵ یـەك ڕاسـت بـوو، ئەگەر بەرامبەر بە یەکتـرو لە یەکتر ئەمین بوون، ئەگەر لەگـەڵ یەکتردا دەست پاك بوون، ئەگەر تەماعیان لە نەفس و نامووسـی یەکتر نەبوو، ئەگەر گەنج ڕێزی لە پیر گرت پیرەکەش بـەزەیی بـە بچووکدا دەهاتەوە، ئەگەر ئافرەتان بەو شێوەیە کـە شـەرع بـۆی داناون پۆشتەو پەرداغ بوون، ئەگەر پیاوان بەو شێوەیە کە شـەرع بۆی داناون خاوەن ئەدەب و ئابڕووو کەرامـەت بـوون،نـاموس و کەرامەتی خەڵکیان پێ وەك هی خۆیان بوو، ئەگەر هەموو چین و توێژەکان بەو شێوەیە کە شـەریعەت بڕیـاری داوە ڕەفتاریـان بـە

یەکـــەوە کـــرد ، بـــۆ نموونـــە: حـــوکمڕان و کاربەدەســـت دادگـــەرو ڕەعیـــەتیش گوێڕایـــەڵ و فەرمانبـــەر بـــوو، ئـــەوە ئـــەو میللەتـــە میللەتێکی پێکەوە گونجـــــاو و دۆست و تەباو ڕێکوپێك لە نێـــو خۆیـــدا، وە لـــە بەرامبـــەر دوژمنـــان و ناحـــەزان و لـــە بەرامبـــەر (تحديات)ەکانیش دا تۆکمەو توندوتۆڵ و پێکەوە جۆشدراو دەبێت.

بـــەڵام میللـــەتێك کـــە شـــێوازەی ڕەوشـــتی دەپـــچڕێ و تووشـــی داڕووخانی ئەخلاقی دەبێ، ئەوە بێگومان لە نێو خۆیـــدا گەنـــدەڵ دەبی، وەك دار- درەختێك- ی کرمێ پێویـــستی بەکـــەس ناکـــات بیبـــڕێتەوەو هەر لە بەهانەیە بۆ پشووە بایەك کە بیخات، چونکە لەنێو خۆیدا گەندەڵ وکرمۆڵ بووە، بەڵێ ڕەوشتی نزم و نـــەمان و داڕووخانی ڕەوشتی بـــەرزو جـــوان، میللـــەتان گەنـــدەڵ و کرمـــۆڵ دەکات و لە بەبینیان دەبات.

ئینجا ئەگەر تەماشـــای قورئـــان بکـــەین دەبیـــنین کـــە خـــوای پەروەردگار باســـی هـــەموو شـــتێکی بـــۆ موســـڵمانان کـــردوە، وە پێغەمبەری پێشەواش ﷺ ئەرك (وظيفة)ی هەر ئەوە بـــووە کـــە ئەوەی خوا فەرموویـــەتی بۆیـــان ڕوون بکاتـــەوە: ﴿ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ (النحل - ٤٤) واتە: ئەوەی کە بۆمان ناردۆتە خـــوارێ ئـــەی (محمد ﷺ) بۆیـــە ناردوومانە تـــاکو تـــۆ بـــۆ خـــەڵکی ڕۆشـــن بکەیتـــەوە، وە بـــەڵکو خۆشیان بیـــربکەنەوە .

هەم بە فەرمایشت و قسە موبارەکـەکانی، هـەم بەڕەوشـت و ڕەفتارو ئاکارو هەڵسوکەوتی، هەم بـەدان پێـداهێنان (تقریـر)ی کە لەبەرچاوی ئەو یان لای ئەو شتێك کراوە ئەویش لێی بێدەنگ بووە یاخود ڕەزامەندیی دەربڕیوە.

کەواتــە پێغەمبــەر ﷺ هــەر ئــەوە بــووە کــە ئــەوەی خــوا فەرموویەتی بۆ خەڵکی ڕۆشن بکاتەوە، بۆیە کاتێك پرسـیار لـە دایکی بڕواداران (عائیشة) -خوا لێی ڕازی بێت- کرا سـەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامدا فـەرمووی: (ألـست تقـرأ القران). ئایا قورئانت نەخوێندۆتەوە؟ گوتی: با، فەرمووی: (فان خلق رسول الله ﷺ كان القرآن) (رواه أحمد عن سعد بن هشام و رواه ابـن جرير و أبوداود والنسائي نحوه) بڕوانە (مختصر تفسير ابن كثير) ج٣ ص٥٥٩

ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان بوو.

کێ شایەتی بۆ پێغەمبەر ﷺ دەدات؟ خێـزان- هاوسـەر-ی کە هاوسەر لە هەموو کەس باشتر هاوسەری خۆی دەناسێ چونکە هەموو کاتێك لەگەڵی دایە.

بەڵێ ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان بوو، قورئان چۆنی فەرمووە پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیە دەجووڵایەوەو هەڵـسوکەوتی لەگەڵ هەموو خەڵکدا دەکرد.

جا ئەگەر تەماشای ئایەتەکانی قورئـان بکـەین لـە چـەندان شوێندا خوای کاربەجێ کە بەسەرهاتی میللەتانی پێشوومان بـۆ

دەگێڕێتەوە ئەوەمان بۆ دەستنیشان دەکات کە خاڵی وەرچەرخانی بەرەو داڕووخانی میللەتان لە ڕەوشت نزمییەوە دەستی پێکردوە، بە تایبەتیش پەیوەندی نێوان ژن و پیاو- لایەنی جینسی-، کە مێژوونووسەکانیش هەموویان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن، نەك تەنیا مێژوونووسە موسڵمانەکان، بەڵکو مێژووزانە بیانی و ناموسڵمانەکان بەر لە موسڵمانەکان، دانیان پێداناوەو بە درێژی باس دەکەن کە هۆی ڕووخانی شارستانەتی ئیغریقییەکان چی بوو؟ وە هەروەها هی یۆنان و ڕۆم و فارس و هیند.. هتد[٨]؟

هەموویان کاتێك ڕووخاون کە گەیشتوونە لووتکەی خۆشگوزەرانی، وە گەیشتوونە پلەی هەرەنزمی کەڵك بینینی خراپ لە ئافرەت و بەرهەڵدایی و بێ سەروبەرەیی جینسی، کە ئەوەش کاریگەرترین هۆکاری داڕووخانی ڕەوشتە!

خوای کاربەجێ ئافرەتی دروستکردوە کە بەندە (عبد)ێکی مێینەی خوایە وەك چۆن پیاو بەندەیەکی نێرینەیە، ئەویش بەندەیەکی مێینەیە، وە هەرکام لە پیاو و ئافرەت خوای گەورە بۆ کۆمەڵێك ئەرك (وظيفة) دروستی کردوون، کۆمەڵێك تایبەتمەندی فیطرە و سروشتی پێ بەخشیون وکۆمەڵێك

(٨) بۆ وێنە(ویل دیورانت) لە کتێبی (قصة الحضارة)دا لە چەندان شوێندا ئاماژە بەو مەسەلەیە کردوە

ئەرکیشی بۆ دیاری کردوون بە پێی ئەو تایبەتمەندییە سروشتییانەی خۆی لەسەری خوڵقاندوون.

جا هەرکاتێك بەشەریەت پیاوەکانی و ئافرەتەکانی بەو شێوەیە بەڕێوە چووبن کە شەریعەت فەرموویەتی و لەگەڵ سروشت (فیطرة)یاندا جووتە، ئەوە بەختەوەر بوونە، وە هەرکاتێك لایاندا بێت کە بە زۆریش لادانەکە لەوەوە دەستی پێکردوە کە ئافرەت بۆتە ئامرازی پێ ڕابواردن، بۆتە بووکە شووشە، بۆتە پەشتەماڵ، بۆتە ئالەتێك کە سوودی خراپ (سوء الاستفادە)ی لێبینراوە، ئاخر ئافرەت ئەرکی زۆر بەرزو پیرۆزی پێ سپێردراوە کە بریتییە لە ئەرکی دایکایەتی، پەروەردەکردنی وەچە(جیل)ی داهاتوو، پێگەیاندنی پیاوان، پێگەیاندنی ژنانی داهاتوو، دروستکردنی کۆمەڵگا، دایك یەکەمین قوتابخانەیە، وە هەرکاتێك لەو ئەرکە سروشتییەی خۆی دوور خرایەوە ئەوە بە مەبەستی خراپ دوور دەخرێتەوە، بۆیە دوور ناخرێتەوە کە مافی پێ بدرێت، بە پێچەوانەوە بۆیە دوور دەخرێتەوە کە هەتك بکرێت و بێ ڕێز بکرێت، وە بۆ ئەوەی بکرێتە ئالەتێك و پێیەوە ڕابوێردرێت کە لە ڕاستیدا بە زەرەی تەواو دەبێت، ئەو دوورخستنەوەیە لەو ئەرکە (وظیفة) سروشتییەی خۆی و لەو ئەرکەی کە بە ئافرەت نەبێ ئەنجام نادرێ، کە هەم ئافرەتەکە خۆی زەرەر دەکات هەم کۆمەڵگایەکەش لە ئەنجامدا تووشی داڕووخان و زیان دەبێ، وەك

ئەوەی کە ئێستا لە ڕۆژئاوا دەبینین، بێگومان شتێکی زۆر ئاشکرایە کە ئێستا لە ڕۆژئاوا ئافرەتان ئەوانەی کە تۆزێک عەقڵیان هاتۆتەوە بەر خۆیان وە پیاوەکانیشیان داوا دەکەن و دەڵێن: با کارێك بکەین خێزان دروست بێتەوەو ئافرەت ئەرکی سروشتی خۆی ببینێ، پیاو ئەرکی سروشتی خۆی ببینێ، دیارە لە(شەریعەتی ئیسلامیی)ش دا ئافرەت ڕێگەی لێناگیرێت کە هەر چالاکی‌یەك ئەنجام بدات جیا لە ئەرکی ماڵ و منداڵ بە خێوکردن و دایکایەتی‌کردن، کە ئەرکی سەرەکی خۆیەتی سەرەڕای ئەو ئەرکەش هەر ئەرکێکی دی ببینێ لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فیکری، فەرهەنگی.. شەرع ڕێی لێنەگرتوە، بەڵام بە ئادابی ئیسلامی‌یەوە، وە بە مەرجێك لەسەر حیسابی ئەرکە سروشتی و سەرەکییەکەی خۆی نەبێت کە بەو نەبێ بە هیچکەس ئەنجام نادرێ.

ئێستا لە ئەورووپا- ڕۆژئاوا- خەڵك داوا دەکات کە ئافرەتەکان بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، چونکە کۆمەڵگا هەمووی زیانی لێکەوت، لە ئەورووپا لە ئەنجامی ئەوەدا کە هەم پیاو هەم ئافرەت زۆر ئینحرافی کردوە لە مەسائیلی جینسی‌دا کراوە بە قانوون کە پیاو لەگەڵ پیاوێکدا خێزان دروست بکات، ئافرەتیش لەگەڵ ئافرەت!!

واتە: ئەوەی خوای باڵا دەست لە بەســـەرهاتی گەلـی (لـوط) -(علیە سلام- كە (نێربازی)یان كردوە باسی كردوە، كە شتێكی زۆر نزم و سەرشۆڕانەو زۆر خراپ و پیسە، ئەوە ئێستا لە ئەورووپا دەكرێ بە قانوون و لە پەرلەمانەكاندا بڕیاری لەسەر دەدرێت!

ئا ئەوەیە سەر ئــەنجامی داڕووخــانی خێــزان و ســەر ئــەنجامی دەرچوون لە شیــرازەی شەریعەت و فیترەت.

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِـن قَرْيَـةٍ بَطِـرَتْ مَعِيشَتَهَا فَتِلْكَ مَسَاكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَن مِّن بَعْدِهِمْ إِلا قَلِـيلاً وَكُنَّـا نَحْـنُ الْوَارِثِينَ﴾(القصص: ٥٨)

واتە: چەند لە میللەتان و كۆمەڵگایـەكانمان بنبـــڕو قەڵاچـۆ كردوە دوای ئەوەی كە زۆر ڕوویان كردە خۆش گوزەرانی و ڕابواردن بەبی ڕەچاوكردنی ئاداب و سنورەكانی شەرع، دەجا ئــەوە خــانوو و بەرەكانیانە كە كەمێك نەبێ خەڵكیان تێدا نیــشتەجێ نــەبوو. وە ئێمە خۆمان بووینە میراتگریان.

ئەگەرنا دین پێی خۆشە موسڵمان ژیانی خۆشگوزەران (مُرَفَّە) بێ، بەڵام نەك لەسەر حیسابی دین و ئــەخلاق وە نــەك بــە پــارەو ماڵی حەرامیش. هەروەها لــە شــوێنێكی دیكــەدا دەفــەرموێ: ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَـسَقُواْ فِيهَـا فَحَـقَّ عَلَيْهَـا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا ﴾ (الاسراء: ١٦)

واتە: هەركاتێك ویستمان شارو وڵاتێك (ئاوەدانی یــەك) كــاول بكەین فەرمان دەكەین بە خۆشگوزەرانەكانی(كە چاكە بكــەن)،

کەچی ئەوان خراپ دەکەن، جا فەرمانی خوا لەسەری دێتـە دی و کاول و خاپووری دەکەین.

ئەم شارستانەتییەی ئێستای ڕۆژئاوا بـە ئەمەریکایـشەوە بـە تەئکید ئـەوە سـەر ئـەنجام و چارەنووسـیەتی، بـەڵام دیـارە کـە (مقومات)ی مانەوەی مـاون، ئەگـەرنا بەڕاسـتی ئـەو فەسـادە ئەخلاقی و ئەو پچڕانەی شیرازەی خێزان و ئەو لێکهەڵوەشـانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو نەمانی سۆزو بەزەیی و پەرۆشە بەرامبەر یەکتر، ئەو نێربـازیی و فەسـادە ئەخلاقییـەی کـە لـە ئەورووپا هەیە، کە وەك قانوونێـك مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو دیـاردە غەریبانەدا دەکرێ، ئەوە بەڕاستی هـەمووی پێـشەکی و زەمینـە خۆشکەری ڕووخان وکۆتایی پێهاتنی ئەو شارستانەتییە ماددییە ئاژەڵیەن بە گوێرەی یاسا نـەگۆڕەکان (الـسنن الثابتـة)ی خـوای دادگەر.

خـاڵی دووەم: بڕیـاری شـەریعەت سـەبارەت بـە چـۆنیەتی پەیوەندیی جینسی نێوان پیاو و ئافرەت :

خوای پەروەردگار زۆر بە ڕاشکاوی ئەوەی فەرمووە کـە: ﴿ زُيِّـنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّـسَاء وَالْبَـنِينَ وَالْقَنَـاطِيرِ الْمُقَنطَـرَةِ مِـنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ﴾ (آل عمران -١٤)

واتە: خۆشەویستنی ئارەزووەکان لە ژنان وکوڕان وخەزێنەی زێڕو زیوی لەسەریەك کەڵەکە کراوو، ئەسپانی نیشانەدارکراو و ئاژەڵ وکشتوکاڵ بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە، ئەوەش ڕابواردن- ێکی کورتی- ژیانی دنیایە، وە خوا چاکترین سەرەنجامی لەلایە.

وەك دەبینین خوای کاربەجێ بە ڕاشکاویی ڕایگەیاندوە کە ئەو شتانە سروشتی ئینسان حەزی لێیانەو خوازیارانەو بۆیان تامەزرۆو عەودالە، جاجێی سەرنجە کە دەبینین خوای پەروەردگار ئافرەتی پێش هەموویان خستوە ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاء ﴾ ئینجا ئایا کێ خۆشویستنی ئەو ئارەزووانەی بۆ جوان کردوون؟! دیارە خوای کاربەجێ و پەنهان بین، خوا وایکردوە کە پیاو حەزی لە ئافرەت بێت و مەیلی جینسی بۆی هەبێت ئافرەتیش بەهەمان شێوە لەگەڵ پیاودا وابێت، خوا وایکردوەو فیترەت و سروشتیی ئینسان وایەو خوای کاربەجێش ئینسانی لەسەر ئەو فیترەت و سروشتە خولقاندوە.

بەڵام شەریعەت دەفەرموێ: وەك چۆن ئینسان تینوو دەبێ بەڵام گەیشتە هەر ئاوێکی پیس نایخواتەوەو پێیدا نانووسێ! وە ئینسان برسی دەبێ بەڵام گەیشتە هەر شتێك نایخوات، بەڵکو تەماشا دەکات چ شتێك خاوێن و چاکە چ شتێك بەرژەوەندی دابین دەکات و لە قازانجی بەدەنی دایە ئەوە دەخوات و ئەوە دەخواتەوە.

وە ئینسان پێویستی بە بەرگ و پۆشاك هەیە بەڵام هەموو شتێك هەر لەبەر ناكات، بەڵكو پۆشاكێك كە لەگەڵ بەدەنیدا گونجاو بێت دەپۆشێ!

مەسەلەی جینسیش هەر بە هەمان شێوە، بەڵێ پیاو پێویستی بە ئافرەت هەیەو ئافرەت پێویستی بە پیاو هەیە، بەڵام شەرع دوای ئەوەی كەدانی بەوەدا هێناوە كە ئەوە شتێكی فیترییە وە شتێكی شەرعی‌یەو زۆر ڕەوایە وە هیچ شەرمی تێدا نیە، بەڵێ وێڕای ئەو دانپێداهێنانەی شەرع بە ڕەوایی و سروشتی بوونی ئەو غەریزەیەدا شەریعەتی خوا، هەم لە قورئاندا هەم لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دا ڕێنمایی موسڵمانانی كردوە كە چۆن چۆنی لەو بوارەدا هەڵسوكەوت بكەن، وە شەرعزانان (فقهاء)یش بە درێژی باسیان كردوە كە دەبێ پیاو چۆن ئافرەت بهێنێ و چۆن بە یەكەوە ڕەفتار بكەن و هەتا چۆنیەتی پێكەوە جووت بوون (جماع)یش لە شەرعدا باسكراوە، وە خراوەتەڕوو كە چۆن مامەڵە لەگەڵ یەكتر بكەن و ڕەوشتیان لەگەڵ یەكتر چۆن بێ، ئەوانە هەر هەمووی بە ڕوونی و درێژی خراونەڕوو، وەك لە كوردەواریدا دەگوترێ: (لە شەرع دا شەرم نیە) واتە: لە ڕوونكردنەوەی شتی شەرعیدا پێویست بە شەرم ناكات.

لە(صحیح البخاری)دا هاتوە كە(عائشة) -خوای لێی ڕازی بێت- لە مەدح و وەسفی ئافرەتە مەدینەییەكاندا گوتوویەتی:

(رحم الله نساء الانصار لم يمنعهن الحياء أن يتفقهن في الدين) واتە: خوا بەزەیی بە ئافرەتانی ئەنصاریدا بێتەوە شەرم (حیاء) قەدەغەی نەکردن لەوەی کە لە دینەکەیان دا شارەزابن.

دیارە ئافرەتانی ئەنصاری -خوا لێیان ڕازی بێ- دەهاتن جۆرەها پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکرد لەو بوارانەدا.

بەڵێ موسڵمانینە! شەریعەتی تێرو تەواوی خوا دوای ئەوەی بە ڕوون و ڕاشکاوی دانی بە ڕەوایی غەریزەی جینسیدا هێناوە، هاتووە شێرازەو سنووری داناوە بۆ ئەو پەیوەندی یە جینسییەی کە دەبێ لە نێوان پیاو و ئافرەتدا هەبێت، بەڵێ شەریعەت دەڵێ:

یەکەم : دەبێ لەسەر بنچینەی شەرع، ئەو پیاوو ئافرەتە بۆ یەك بن، نەك بەرهەڵدایی (مشاعية)و (اباحية)ی جینسی کە ئەمڕۆ بەناو شارستانێتی[٩] ڕۆژئاوا دەیەوێت ئەوە بەسەر دونیادا حاکم بکات، واتە بەرەڵایی و بێسەرەوبەرەیی جینسی، کە خۆیان بەدەستی یەوە گیریان خواردوەو خۆیان پێی گەندەڵ و پووچەڵ بوون و دەیانەوێ خەڵکی دیکەش وەك خۆیان لێبکەن، وەك کەسێك کە گول وگەڕ دەبێ دەیەوێ خەڵکی تریش وەك خۆی لێبکەن، وەك گەلی (لوط)

(٩) کە شارستانیەتێکی ماددی و ئاژەڵی یەو لەسەر بناغەی ماددی بوونی ژیان و ئاژەڵ بوونی ئینسان بنیات نراوە بۆیەش تەنها لەو دەروازەیەوە تەماشای هەموو شتێك دەكات.

پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام) کە (لوط- علیـه الـصلاة والسلام)و ئەو خەڵکە کەمەی کە ئیمانیان پێـی هێنـا بـوو دوور بـوون لـە ڕەوشـت نزمیـی، پێیـان نـاخۆش بـوو، وە دەیانویست وەك خۆیانیان لێبکەن، دەیـانگوت: ﴿أَخْرِجُـوا آلَ لُـوطٍ مِّـن قَـرْيَتِكُمْ إِنَّهُـمْ أُنَـاسٌ يَتَطَهَّـرُونَ ﴾ (النمـل - ٥٦). واتە(لوط علیه الصلاة والسلام)و دارو دەستەکەی لە وڵات و شارەکەتان دەربکەن ئەوانە کۆمـەڵێکن دەیانـەوێ پـاك بـن. واتە: لەگەڵ ئێمەی پیس ناگونجێن، جا یان دەبێ وەك خۆمـان پیسیان بکەین، یان دەبێ دەریان بکەین!!

ئـەمڕۆ شارسـتانێتی ڕۆژئـاوا دەیـەوێ ئـەوە بەسـەر دونیـادا بسەپێنێ، دەڵێ: مادام بۆ خۆم بەو ئاگرەوە دەستم چزاوەو بۆ خـۆم پووچەڵ و گەندەڵ بووم با (جیهانی ئیسلامی)یش وا لێکەم!!

بـەڵێ شـەریعەت دەفـەرموێ: نـا، دەبـێ ئـەو ئافرەتـە وەك ئینســـانێك و وەك کە لە شەخسییەتی دەوەشێتەوە بە هاوسـەر بگیرێ و دەبێ بەڕێزو حورمەتەوە پیـاو بـچێ داخـوازیی ئـافرەت بکات، بەڵام بەداخەوە هەندێك شت لە هەندێك ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەدا دەخوێنینەوەو دەیبیستین زۆرمان پێسـەیرە، لـە ڕووی شەرعییەوە، وێڕای ئەوە لەگەڵ ئاداب و دەستوور و داب و نەریتی کوردەواریشماندا ناگونجێ!

لە یەکێك[١٠] لەو بڵاوکراوانەدا کە لە ژێر سایەی یەکێك لـە دوو ئیدارە خۆماڵییەکەماندا و بە ڕەسمی دەردەچێ نووسراوە: ئایـا چ دەبێ ئەگەر لەمەو دوا ئافرەتان بچن داخوازی پیاوان بکەن؟!

جا یـەکێك لـە گەنجـەکان لـە وەڵامـدا گوتوویـەتی: ئەگـەر ئافرەتێك داخوازی من بکات دەڵێم: دەبێ سەیارەیەکم بۆ بکـڕێ، هەروەها یەکێکی دیکە شتێکی دیکەی لەو بابەتە دەڵێ و.. هتد!

بەڕاستی ئا ئەوە لە لایەکـەوە ئینـسان دێنێتـە پێکـەنین کـە عەقڵ و مستەوا بگاتە ئەو ڕاددەیە، ئینسان قسەی وا بکـات! وە لە لایەکی دیکەشـەوە بـەزەیی و پەرۆشـی دەجووڵێنـێ! چـونکە بێگومان ئەوە پێچەوانەی فیترەت و سروشـتەو، خـوای کاربـەجێ ئافرەتی وا خوڵقاندوە پێی خۆشە داخوازیکراو (مرغـوب فیهـا)و داواکراو (مطلوب) بێت، ئەوە نەك هەر شـەریعەت وای فـەرموو بێت، بەڵکو بە درێژایی مێژوو هەموو شاعیرو سەرجەم ئەدیب و تێکـڕای نووسـەرەکان، ئەوانـەی کـە وەك دەڵـێن گـیرۆدەی داوی (عیشق) بوونەو بە ئافرەتیان هەڵاگوتوە، پیاو بوونە! مەگەر چۆن دەنا هەر پیاو بە ئافرەت هەڵادەڵێ و، لە نێو هەموو میللەتانـدا بە کافرو موسڵمانەوە عەیب بووە ئـافرەت بـە پیـاو هـەڵابڵێ، وە مەگەر چۆن، ئەگەرنا هەر پیاوە دەبـێ (عاشـق) بـێ و ئـافرەت

---

(١٠) کە بڵاوکراوەی (تایم) ە!

دەبێ (معشوق) بێ، هەر پیاوە دەبێ داواکار(طالب) بێ، ئافرەتیش دەبێ داواکراو بێ!

بەڵێ خەڵك و میللەتانی بێ دین و دوور لە خوا لە ڕۆژئاوا- ئەورووپاو ئەمەریکا- سروشت و میزاجیان تێکچووە، بۆیە زۆر جاران ئەو مەسەلەیە بەراوەژوو بۆتەوە! نەك هەر ئەوەندە، بگرە ئەوەندە لە فیترەت هەڵگەڕاونەوەو بەرەو ئاژەڵێتی سەرەوژێر بوونەوە، دەڵێن: زۆر لایان ئاساییەو کابرا هیچ بەوە قەڵس نیە کە دەبینێ ئەوە زرتە زەلامێك بە شێوەیەکی ناشیرین لەگەڵ کچەکەیەتی!! بەڵکو جاری وایە لەگەڵ هاوسەرەکەیشی بێت زۆر پێی قەڵس نیە، دیارە ئەوانە بە هۆی بێ دینییەوە هیچ غیرەت و شەهامەتیان نەماوە!، جا بێگومان ئەوە سروشت-فیترەت- تێکچوونە، وەك چۆن کابرایەك کە نەخۆش دەبێت ئاوی شیرین دەخواتەوە بەدەمی تاڵە، بەلام ڕەنگە شتێکی تام ناخۆش بخوات زۆر پێی خۆش بێت، دەڵێن، قالۆنچەش بە بۆنی عەترو گوڵاو گێژ دەبێ بەلام بە بۆنی ڕیخ و شیاکە خۆشحاڵ دەبێ، بۆیە خڕی دەکاتەوەو دەیکاتە تۆپ و لەگەڵیدا خەریکە.

بەڵێ ئەوە میزاج تێکچوونەو ماقوولێش نیە حاڵەتی نەخۆشیی و تێکچوون بکرێتە بناغەی قیاس، ئەوە فیترەت تێکچوونەو سەرگەردانی و ڕێ لێ بزر بوونەو ناگونجێ بکرێتە دەستوورو قانوون، ناکرێ ئێمە تەقلیدی بکەین و تەماشای بکەین.

خەڵکێکی نەخۆش و بێ هۆش تووشی دەردێکی کوشندە بوون، بۆچی لاسایان بکەینەوەو تەماشایان بکەین؟ ئەی بۆچی ئەوان تەماشای ئێمە نەکەن؟

بۆ ئێمە کارێکی وانەکەین کە ئێمە ببینە جێی تەماشاو سەرنجی خەڵك؟! بۆ ئەوەی ئەوان فیترەتی تێکچووی خۆیان بە پێی تەرازووی شەریعەتی ئێمە ڕاست بکەنەوە، نەك ئێمە فیترەتی پاکی خۆمان وەزعی باشی خۆمان وەك هی ئەوان لارو خوار بکەین، با ئەوان لارییەکەی خۆیان وەك شەریعەتی ڕاست و حاڵەتی شەرعیی و ڕاستیی ئێمە ڕاست بکەنەوە!

بە پەسەندی دەزانم لێرەدا بەسەر هاتێکی جێی پەندو عیبرەتتان بۆ بگێرمەوە، لە کتێبی: (المرأة بين طغيان النظام الغربي و لطائف التشريع الرباني- د.محمد سعيد رمضان البوطي-ص ١٣٩) دا ئەم ڕووداوەی گێڕاوەتەوەو دەڵێ: (خزمێکم ئافرەتێکی ئەمەریکی هێنا بوو ڕۆژێك بەسەردانمان هاتبۆوە کە دیارە لەوێ ئافرەتەکەئەوی خواستوە[11] بە نرخێکی زۆریش، چونکە وا دیارە لەوێ یان ئافرەت زۆرن، یان پیاو بێ منەتە لە

(١١) وەك ئەوەی کە ئەو گۆڤارە نووسیوویەتی و دەیانەوێ لێرەش وای لێبێت و ئافرەتی کوردیش وەك هی ڕۆژئاوایی کلۆل و بێ حورمەت بێت و بە پارە و تەکلیف مێردی چنگ بکەوێ و لە تەڵەو داوی نامەردان بکەوێ!

ئــافرەت و ئافرەتەکــە ناچــارە بیخــوازێ[12] دەڵــێ: ئافرەتــە ئەمەریکییەکە کە هاتەوە تەماشــای کــرد لای ئێمــە پــارەی زۆر دەدرێ لە مارەیی ئافرەتداو پاشــان ڕیــش ســپی و پیــاو مــاقووڵ کۆدەکرێنــەوەو چــەندجار تــەکلیف دەکرێــت و زۆر بــەگران و سەنگینی و بە نرخ و ڕێزێکــی زۆرەوە ئــەو ئافرەتــە دەخــوازرێ و مەرج لەسەر پیاو دادەنرێت و.. هتد.

ئافرەتەکە کە زانی وایە سەری بردە بن گوێی مێردەکەی و پێی گوت: بۆ خاتری خوا با نەزانن کە من تۆم خواستوە ئەگەرنا لێرە حەیام دەچێ، دیارە لێرە ئافرەت زۆر بەڕێزو بە نرخ و بەهایە بەڵام لای ئێمە زۆر سووکە بۆ خاتری خوا بــا ئــەو مەســەلەیە نــەزانن. دەڵێ: مێردەکەیشی پێی گوت: نا خەمت نەبێ پێیان ناڵێم).

کەچی ئەوانە دەیانەوێ وامان لێبکــەن، ئافرەتــە بــەڕێزەکانمان ئاوایان لێبێت، بەڕاستی ئەوە خزمەت و دڵــسۆزی نیــە بــۆ ئــەو خەڵك و میللەتە، ئەوە دڵسۆزی نیە بۆ ئەو ئافرەتە موسڵمانە کە وەك ئافرەتە کلۆڵ و داماوەکانی ڕۆژئاوایان لــێ بێت.

دووەم : ئینجا شەریعەت دوای ئەوەی بڕیاری داوەو وای داناوە کــە بەو شێوەیەو لەسەر بنــچینەیەکی ڕوون و ئاشــکراو زۆر ڕێــز لێگیراوانە ئەو پەیوەندییە لەگەڵ ئافرەتدا دروست بکرێــت و

(۱۲) دیارە لە کۆمەڵگایەکی موسڵمان دا بە هیچ هۆکارێك ئافرەت ناچاری ئەوە ناکرێ وعەقیدەو پەروەردەی ئیسلامیی و ئادابە شەرعیی‌یەکانی حورمەت و ڕێزی دەپارێزن .

ژیانی هاوسەرێتی بنیات بنرێت، بۆ ئەوەی کە گوناح و تاوان دروست نەبێت، لە پێشدا وەك پەرژین کردن و ڕێلێگرتنێکی دوور دیاری کردوە کە لە کاتی سەردان و هاموشۆی ماڵی یەکتردا پێویستە بەبێ ئیزن وەرگرتن کەس نەچێتە ماڵی کەس وەك خوا (جلّ جلاله) فەرموویەتی: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ (النور -٢٧) واتە: ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە مەچنە ماڵی یەکتر تاکو نەزانن کە مەجال هەیە وە تاکو ئیزن وەرنەگرن وە سەلام لە خاوەنەکەی نەکەن.

بەڵێ خوشك و برایانی موسڵمانم! یەکەمین پەرژین و پارێزەری نامووس و ئەدەب و ئەخلاق لە ڕووی جینسییەوە ئەوەیە کە خەڵکی یەکسەر خۆیان بە ماڵی یەکتردا نەکەن! بەڵکو سەلامیان لێبکەو ئیزن وەربگرن ئەمجار بچن، نەبادا کتوپڕ لێیان وەژوور بکەون و چاویان بە عەیب و عەورەتیان بکەوێ!

سێیەم: پاشان شەریعەتی خوا ڕوانینی حەرامی پیاوو ئافرەتی بۆ یەکتری قەدەغە کردوە، وە دەفەرموێ : ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ، وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴾ (النور: ٣٠-٣١).

چونکە لە ڕوانینی حەڕام و لـە تەماشـاکردنی ئارەزووبازانـەوە شتی تریش پەیدا دەبێت، وەك شاعیری ناوداری بە ڕەچەڵەك کورد (احمد شوقی) دەڵـێ: (نظـرة فابتـسامة فـسلام فكـلام فموعـد فلقاء)[١٣]، بەڵـێ لە ڕوانینـی حەرامـەوە داوێنپیـسی دروسـت دەبێ، بۆیە شەریعەت هەر لە دوورەوە ڕێی لێگرتوەو پەرژینی بـۆ داناوە.

<u>چوارەم:</u> ئەو جار شەریعەت پێویستی کردوە کە ئـافرەت جـوانی خۆی بۆ خەڵکی نامەحرەم دەرنەخات مەگەر ئـەوەی کـە بـە ناچـاری دەردەکـەوێت(ولا يبـدين زينـتهن الا مـا ظهـر منها)(النور: من الاية ٣١) واتە: با جوانیی خۆیـان پێـشان نەدەن مەگەر ئەوەی کە بۆ خۆی (لە حاڵی عیبادەتدا یان بـە عـادەت)[١٤] دەردەکەوێت.

کە زۆربەی هەرە زۆری توێژەوەوان قورئان و فەرمایشنـاسـان و

---

(١٣) واتـە: تەماشـاکردنێك، زەردەخەنەیـەك، سڵاوکردنێك، قسەو باسـێك، جـێ ژوان دانانێك، بە یەككەیشتنێك !

(١٤) کە مەبەسـت پێـی دەم و چـاوو هـەردووك دەسـتە تا مەچەك وەك (القـرطبي) گوتوویەتی بڕوانە (الجامع لاحكام القران) ج ٦ ص ٣٥٥٦، کە گوتوویـەتی: (اى ما يظهر منها عادة وعبادة).

شەرعزانان دەڵێن[15]: (الا ما ظهر منها) واتە: دەموچاو و هەردوو دەست هەتا مەچەك. چونکە هەم لە حاڵەتی عیبادەتدا فەڕزەو دەبێ ئەو دووانە دیار بن وەك لە نوێژو حەجدا، وە هەم وەك عادەتیش ئافرەت ئەگەر دەموچاوی دیار نەبێ و دەستی دیار نەبن زۆر جۆرە کارو چالاکی بۆ ئەنجام نادرێت، بۆیە ئافرەت بۆی هەیە دەموچاو و دەستی دیار بێت، بەڵام لەسەری واجب نیە دیار بێت هەروەك لەسەریشی واجب نیە دایپۆشێ، واتە پەچە(نقاب) گرتنەوە لەسەر ئافرەت واجب نیە لەسەر ڕای زۆربە (جمهور)ی زانایان، هەندێکیش دەڵێن لەسەری فەڕزە کە ڕووی و هەردووك دەستەکانیشی وەك باقی جەستەی دابپۆشێ بە تایبەتی.کاتێك کە مەترسیی هەبێ تەماشا بکرێ بە شێوەیەکی ئارەزووانەوە، بەڵام ڕایەکەیان بێهێزە وەك لە کتێبی (ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەتدا) سەلماندوومانە.

پێنجەم: هەروەها شەریعەتی وردبین و دووربینی خوای کاربەجێ بێجگە لەو حەسارو دیوارو پەرژینانەی کە ڕابردن، حەسارو پەرژینێکی دیکەی داناوە بۆ ڕێ بەستن و بوار نەدان بۆ

(١٥) هەروەك لە کتێبی (ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەتدا) ئەم باسەم هێناوەو جوان (تحقیق)م کردوەو بە درێژی بەڵگەکانم خستۆتەڕوو وە موناقەشەیەکی وردی ڕایەکەی دیکەم کردوە کە پێی وایە دەست و دەموچاویش عەورەتەو پێویستە دابپۆشرێن، وە بڕوانە کتێبی (جلباب المرأة المسلمة)ی شێخ ئەلبانی.

سەرهەڵدانی گوناح و تاوانی جینسی کە بریتیە لە قەدەغەکردنی لە شوێنی چۆڵ و بە تەنها پێکەوە بوونی پیاو و ئافرەتێکی نامەحرەم،وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لايخلون أحدكم بامراة الا مع محرم) (متفق عليه عن ابن عباس رضى الله عنهما).

واتە: نابێ و قەدەغەیە کە یەکێکتان بە تەنهاو لە شوێنێکی چۆڵ لەگەڵ ئافرەتێکدا بێت، مەگەر مەحرەمێکی لەگەڵ بێت.

هەروەها فەرموویەتی: (أياكم والدخول على النساء، فقال رجل من الانصار: أفرأيت الحمو؟! قال: الحمو: الموت) (متفق عليه)، واتە: خۆتان بپارێزن لە وەژوورکەوتن لە ئافرەتان- لە کاتێکدا کە بە تەنهان- پیاوێکی ئەنصاری گوتی: ئەدی ئەگەر پیاوەکە خزمی مێردەکە بوو؟! فەرمووی: ئەوە خراپتریشە، (النووی) لە بارەی وشەی (الحمو)ە وە گوتوویەتی: (هو قريب الزوج كالأخ و ابن الأخ ونحوهما) واتە: بریتیە لە خزمی مێردوەك برای و برازایو وێنەی وان.

خاڵی سێیەم: حیکمەتی بەرگ و پۆشاکی شەرعییانەی ئافرەت:

زۆرجار خەڵکی عەلمانی بە پیاوو ئافرەتیانەوە ڕەخنە دەگرن لە بەرگ و پۆشاکی ئافرەتانی ئیسلامیی و دەڵێن: خۆ بەرگ و

پۆشاك (حیجاب)[16] بەم شێوەیەی کە هەیە قەدەغەی ئینسان ناکات لە گوناح و گرنگ ئەوەیە کە ئینسان خۆی پاك بێت و ئاواو ئاوا.. هتد.

جا ئێمەش دەڵێین: هیچ کەس نەیگوتوە کە بەرگ بە تەنها ئینسان باش دەکات! هەروەك ناڵێین: تەنها بەرگ و پۆشاکی ناشەرعیی ئینسان خراپ دەکات!

وە ئێمە ناڵێین: هەر ئافرەتێك بەرگ و پۆشاکی ئیسلامیی لەبەر نەبوو حەتمەن داوێن پیسە، نەخێر وا ناڵێین، بەڵام دەڵێین بەرگ و پۆشاکی ئیسلامیی و شەرعی بۆ ئافرەتان یەکێکە لەو شتانەی کە لەسەر ئافرەتی موسڵمان پێویستن، ئەگەرنا بەرگ و پۆشاکی شەرعییانە پۆشین، بریتی نیە لە تەنها واجبێك لەسەر ئافرەت، وە لە ڕاستیدا دەبێ ئیمان و عەقیدە وا لە ئافرەت بکات، پەروەردەی ئیسلامی و عیبادەتی بۆ خواو، بڕواو

---

(١٦) لە ڕاستی دا پۆشاکی ئافرەت (لباس المرأە) لەگەڵ (حجاب) کە بریتیە لە پەردە (ستر)، لەیەك جیان و لەسەر ڕای زۆربەی زانایان(حجاب) تایبەتە بە هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەرەوە ولەسەر ئافرەتانی دیکە فەرز نەکراوە، وشەی (حجاب)یش لە ئایەتی ژمارە(٥٣)ی (الاحزاب) دا هاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِن وَرَاء حِجَابٍ﴾ واتە : وە ئەگەر حەواج و پێویستی یەکان لێیان خواست (واتە لە هاوسەرانی پێغەمبەر خوا لێیان ڕازی بێ) لە پشت پەردەوە لێیان داوا بکەن.

بەڵام ئێستا زۆر کەس بە هەڵە وشەی(حجاب) بۆ بەرگ و پۆشاکی ئافرەت بەکار دێنێ کە لە ڕاستی دا وانیە.

قەناعەتی بەوە کە خوا ئەوەی حەڕام کردوە کە ئافرەتان جوانی ی خۆیان دەربخەن، دەبێ ئا ئەوانە پاڵ بە ئافرەتەوە بنێن کە خۆی داپۆشێت، ئەگەرنا ئەگەر وەك چاولێکردن (تقلید)و لەبەر خاتری باب و دایك و ئەوانە بەرگەکەی بپۆشێ، دوایی کە فشارەکەی لەسەر نەماو لەو واقیعە چۆوە دەرێ بەرگەکەی دادەنێ، کەواتە: بەرگ و پۆشاکی ڕووت بۆ دونیا هیچ بەکەڵك نایەت و بۆ دوارۆژیش هیچ پاداشتی نابێ.

بەڵێ بەرگ و پۆشاکی ئافرەت یەکێکە لەو ئادابە ئیسلامییانەی کە شەرع لەسەر ئافرەتی پێویست کردوون، وە لە ڕاستیشدا کاریگەریی بەرگ و پۆشاکیش لە ڕێ لێگرتنی گوناح و تاوان و پاراستنی ئافرەتدا کەم نیە، بەڕاستی پۆشاکی شەرعییانەی ئافرەت وەك پەرژینێکە بۆ باخ، وەك شوورەو حەسارێکە بۆ ماڵ- خانوو-، بە بەڵگەی ئەوە کە خوای کاربەجێ مەگەر چۆن دەنا هەر حوکمێکی شەرعیی فەرموو بێت حیکمەتەکەیشی لەگەڵ ڕوون کردۆتەوە، بۆ وێنە: دەربارەی بالاپۆش (جلباب) دەفەرموێ: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾(الاحزاب - ٥٩).

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ بە هاوسەرەکانت و کچەکانت و ئافرەتانی موسڵمان بفەرموو با بالاپۆش(چارشێو)ەکانیان لە

خۆیان نیزیك بخەنەوەو خۆیانی پێ داپۆشن، ئەوە نزیکتـرو چاکترە بۆ ناسرانیان و ئازار نەدرانیان، وە بێگومـان خـوا لێبـوردەی بـە بەزەیی یە.

سەبارەت بە(جلباب) زۆربەی زانایان دەڵێن: بەرگێکە کـە لـە سەرووی پۆشاکی عادەتی لەبـەر دەکرێـت بـۆ دەرەوەی مـاڵ کـە سەرتاپای بەدەنی ئافرەت دابگرێت جگە لە دەموچـاو و دەسـتی، کە لە سەری فەرز نیە دایانپۆشێ، ئەگـەرنا ئەگـەر دەموچـاو و دەستیشی داپۆشێ شتێکی باشە، بە تایبەتی لە کاتی مەترسیی تەماشاکردنی ئارەزووبازانەدا، بەڵام لەسەری واجب نیە، بۆیە بـە پیاوان دەفەرموێ: بۆ ئافرەتان مەڕوانن و(نظر) مەکەن، چـونکە ئافرەت بۆی هەیە دەموچاو و دەستی دیار بێت، هەر بۆیـەش بـە ئافرەتانیش دەفـەرموێ: بـۆ پیـاوان مـەڕوانن و(نظـر) مەکـەن، چونکە پیاویش بۆی هەیە دەموچاو و دەستی دیار بێت!

جا (جلباب) هەر بەرگێکە کە:

١- جگە لە دەموچاو و دەست هەموو بەدەنی ئافرەت داپۆشێت.

٢- وە تەسك نەبێت، کە ئەندامەکانی وەسف بکات و بەرجەستە بکات.

٣- هەروەها ئەستووربێ و تەنك نەبێت.

٤- وە زەرق و برق و سەرنج ڕاکێش نەبێت.

٥- وە بەرگ و پۆشاکی کافران نەبێت واتە لاساکردنەوەی ئـەوان نەبێت.

٦- وە بـەرگ و پۆشـاکی پیاوانـە نـەبێت و خـۆی بـە پیـاوان نەشوبهێنێ.

٧- وە(لباس الشهرة)[١٧] نەبێت.

٨- وە بۆن خۆشکراو نەبێت.

جا خوای کاربەجێ لـە ڕوونکردنـەوەی حیکمـەتی ئـەو بەرگـە شەرعییەدا دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ (الأحزاب-٥٩) واتە ئەوە نزیکترە لـەوەی کـە: بناسرێن وە ئازار نەدرێن،(بناسرێن) یانی چی؟

ئافرەتێکی پۆشتەو پەرداخ و بە حەیاو حەشمـەت کـە بـەرگ و پۆشاکێکی شـەرعیی لەبەردایـە کاتێـك بـە ڕێدا دەڕوات ئـەو ئافرەتـە وەك ئینـسانێك دێتـە بەرچـاو و بـە زمـانی حـاڵ بـە دەوروبەرەکەی دەڵێ: وەك ئینسان لەگەڵ منـدا مامەڵـە بکـەن، بەڵام ئایا ئافرەتێك کە ئەو بەرگ و پۆشاکە سەیرو نامۆیانەی کە لە ڕۆژئاواوە هاتوون کە هیچ پەیوەندی یان نە بە دینەوە هەیە نە

---

(١٧) زانایان لە بارەی پێناسـەی(لباس الشهرة) وە چەند شـتێکیان گوتـووە، لـە هـەموو پێناسـەکانیش باشـتر ئەوەیـە، کـە بریتیـە لەهـەر جـۆرە بـەرگ و پۆشاکێك کە لەبەر قیمەت گرانی یان هەرزانیی ، یان سەیر و سەمەرەیی، خاوەنەکـەی ببێتـە جێـی سـەرنج و تێوەڕامـانی خـەڵك و سـەرەنجام بـەو بەرگەیەوە بناسرێ و ناوبانگ و شۆرەت پەیدا بکات.

بە داب و نەریتی کوردەواری، بە تایبەت ئەو بەرگە سەیرانەی کە بە بەدەنەوە چەسپ دەبن یان زۆر تەنکن، ئایا هەر ئافرەتێك ئـەو جۆرە بەرگە لەبەر بکات بە زمانی حاڵ بە خەڵك ناڵێ: تەماشـام بکـەن بـزانن بـەدەنم چـۆنەو ئـەها فـلان ئەندامـەم ئاوایـە...؟! بێگومان بە زمانی حاڵ بە خەڵك دەڵـێ تەماشام بکەن و سەرنجم بدەن بۆیە خوای بەرزو مەزن دەفەرموێ﴿ ذَٰلِـكَ أَدْنَـىٰ أَن يُعْـرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ کەواتە ئەو بەرگ و پۆشاکە ئیسلامی یە نزیکترە لەوەی کـە ئـەو ئافرەتانـە بناسـرێن، نـەك بناسرێن داخوا کێن بە شەخسی، نا بەڵکو بناسـرێن کـە ئـەهلی تەقواو ئەخلاقن، ئەهلی ئەدەب و حەیاو حەشمەتن، ئافرەتانێك کە مێیایەتی (أنوثـة)ی خۆیـان دەرنەخستوە، مێنایـەتیی خۆیـان بەرجەستە نەکردوە، بەڵکو ئینسانەتی خۆیـان دەرخـستوە، بۆیـە چاوەڕوان دەکەن لـە کۆمـەڵگاش کـە وەك ئینـسان لەگەڵیانـدا ڕەفتار بکات نەك وەك مێینە!!

ئەوە حیکمەتی ئەو بەرگ و پۆشاکەیە کە شەریعەتی خـوا بـۆ ئافرەتی دیاری کردوە، کە سەراپا ڕێزو حورمەت و قەدری ئافرەتەو هیچ جۆرە ئیهانەو سوك تەماشا کردنێکی تێدا نیە، بـەڵکو بـە پێچەوانەوە بۆ ئەوەیە کە کەس مەجال و دەرفەتی نەبێ و بیانووی دەست نەکەوێ بە چاوی تەماعەوە تەماشای ئەو ئافرەتـە بکـات یاخود قسەیەکی لەگەڵدا بکـات کـە لەگـەڵ ئـەو شەخـسیەتە

پۆشتەو پەرداخ و داپۆشراوە کە لـە خۆیـەوە دیـارە ئـەو ئافرەتـە ئافرەتێکە خاوەنی ئـابڕوو و کەرامـەت و کەسـایەتیی خۆیـەتی، نەگونجێ و شایستەی نەبێ!

واتە: هەروەك چـۆن بابایـەك کـە بەتـەنگ بـاخ و بێـستان و گوڵزارو باخچەیەکەوەیە، دێنێ پەرژینی دەکات یـان پاسـەوان و ئێشکچی بۆ دادەنێ، تاکو زەرِ نەکرێ و مالاَت وئاژەڵی بەرهەڵداو بێ خاوەن نەچنە نێوی و زیانی پێ نەگەیـەنن و لـق و پۆپـەکانی نەشکێنن و میوەکانی هەڵنەوەرێنن و گوڵەکانی هەڵنەپسێنن!

شەریعەتی بـێ هەڵەوپەڵـەو تێروتـەواوی خـوای کاربـەجێ و میهرەبانیش بە هەمان شێوەو زیاترو چاکتریش لە سۆنگەی ئەوەوە کە پەرۆشی ئافرەتیەتی و بەزەیی پێیدا دێتەوەو بـە تەنگیەوەیـە کۆمەڵێك شوورەو پەرژینی بۆ پاراستنی کەرامەت و کەسـایەتی داناوە، کە یەکیان بەرگ و پۆشاکی شەرعییەو ئـەوانی دیکـەش پێشتـر ئامـاژەمـان پێیان کرد.

خـاڵی چـوارەم: واقیعـی میللـەت و کۆمەڵگاکـەمان لـەو ڕووەوە چۆن دەبینین و کێ لێی بەرپرسیارە؟!

ئێمە ئەگەر تەماشای واقیعی ئەم میللەتـەی خۆمـان بکـەین دیـارە ئـەم میللەتـەی ئێمـە وەك زۆرجـار گوتوومانـە مـن بـە مەزلوومترین میللەتانی دونیای دادەنێم چونکە پـێم وانیـە هـیچ

میللەتێك هەبێت ژمارەی بە ئەندازەی میللەتی کورد بێت (٣٠-٤٠)ملیۆن و هەتا ئێستا کیانێکی دان پێداهێنراوو لێسەلمێنراوی نەبێت؟! واتە: قەوارەو کیانێکی سیاسی خۆی.

میللەتی ئێمە میللەتێکی مەزلوومە، وە بەڕاستی بێجگە لە خوای پەروەردگار، وە پاشان مەگەر خۆی دڵسۆزی خۆی بێ ئەگەرنا هیچ کەس دڵسۆزی نیە، ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کورد دێتە پێشی دەڵێ دڵسۆزتم، ڕاست ناکات، بەڵکو دڵسۆزی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، کاتی خۆی هەر ئەوان کوردستانیان بەشبەش کردوە، جا ئەگەر ڕاست دەکەن دڵسۆزمانن، باوەك چۆن کاتی خۆی کوردستانیان لەتوپەت کردوە بە پێی پەیمانی (سایکس بیکۆ)و بە نێو خۆیاندا بەشیویانەتەوە وەك میراتی پیاوێکی مردوو، خۆ ئێستا بڕیارەکە هەر بەدەستی خۆیانە، هەر ئەو پەرلەمانانەی ئێستا هەن، هەر لەو پەرلەمانانەدا بڕیاری دابەشکرانی کوردستان دراوە، دەبا ئێستا بڕیارێك بدەن کە بەلای کەمەوە ئێرە ئەم بەشە کوردستانەی سەر بە عێراق با کیان و قەوارەیەکی سیاسی هەبێت و دانی پێدا بهێندرێت، بەلام ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر دەڵێن: (باکووری عێراق) لە زاریانڕا نایەت بڵێن کوردستانی عێراق !!.

میللەتی ئێمە میللەتێکی مەزلوومەو لە ڕاستیدا کەساس و بێ کەسە، ئەگەر خۆمان دڵسۆزی نەبین کەس دڵسۆزمان نیە، وە

دڵسۆزییمان بۆ خۆمان لەوەدا دەردەکەوێ کە چەندە دڵسۆزین بۆ دینەکەمان، بۆ ئەو شەریعەتەی کە بە پابەندیی بەو شەریعەتەوە بووینەتە موسڵمان، وە بە پابەندیی بەو شەریعەتەوە بووین و دەبینە ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ وە بە تەئکید بەختەوەریی و سەرفرازیی دنیاو دوارۆژمان مسۆگەر دەبێ.

جا ئەگەر ڕاستە موسڵمانین، ئەگەر ڕاستە خۆمان بە بەشێك لە ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ دەزانین، دەبێ پێش هەموو شتێك و پێش هەموو کەسێك بۆ شەریعەتی خوا بۆ دینی خوای پەروەردگار دڵسۆز بین.

ئینجا ئایا ئێمە لە واقیعی ئێستای کوردستاندا بە گشتی چی دەبینین؟! ئەگەر تەماشای واقیعی خۆمان بکەین- هەڵبەتە جیا لە خوشکان و دایکانێك کە خوا پێداون و هیدایەت دراون و ڕوو لە خوان- ئەوەی دیکە چی دەبینین؟! لاساکردنەوەیەکی زۆر بێتامی مۆدیلاتی ڕۆژئاوا، لاساکردنەوەیەکی زۆر بێمانای ئەو جلوبەرگ و پۆشاك و داب و ڕێ و ڕەسمەی کە لە ڕۆژئاواوە دێت، دیارە ئافرەتان وان گەنجان بە کوڕو کچەوە وان، بگرە بەداخەوە زۆر لەوانەش کە کار بەدەستن هەروەها! هەڵبەتە من ناڵێم هەموویان چونکە من لەگەڵ هەندێکیاندا قسە دەکەم زۆر قەڵسن بەم وەزعە، ئەوانیش دەزانن کە ئەو(تونێل)ەی ئێمە گەیشتووینە دەروازەکەی دەزانن کۆتاییەکەی چۆن دێت!، بە تایبەتی ئەو

برادەرانەی کە بەرپرسن و ماڵەکانیان لـە ئەورووپایـەو بـە چـاوی خۆیان ئەورووپایان بینیوە، دەزانن لـەوێ بێئـەخلاقی و فەسـادی ئەخلاقی و داڕووخانی ئەخلاقی چی بـەو کۆمـەڵگایانـەی ئـەوێ کردوە؟، بەڵێ جا ئەوانیش مەرج نیە هەموویان ئەو وەزعەیان پێ خۆش بێ، بەڵام بەداخەوە زۆریان هەن کە بـە ڕاسـتی دەسـت لـە پشتی ئەو کوڕو کچانە دەدەن کە چاویان لەبـەر هەڵـدایی و لـە فەسادی ئەخلاقییەوە ڕێیان بۆ خۆش دەکەن و هانیان دەدەن، کـە ئەوە بە هیچ پێودانگێك نە موسڵمانەتی تێدا دەخوێندرێتەوە نـە کوردایەتی و نە نەتەوەپەروەریی و میللەت دۆسـتیی!

چونکە میللـەتێك ئـەخلاقی نـەماو فەسـادی جینـسی تێـدا بڵاوبۆوە میللـەتێك ڕەوشـتی بـەرزو جـوانی تێـدا ڕووخـا، ئـەو میللەتە پێویستی بە کەس ناکات بیچەوسێنێتەوەو بیـڕووخێنێ، بەڵکو بۆ خۆی ڕووخاوە بۆ خۆی گەندەڵ بووەو کرمۆڵ بووە!

بە داخەوە کە ئێمە لە گۆڤـارو ڕۆژنامـەو بڵاوکراوەکـان و لـە کەناڵـە ڕادیـۆیی و تەلەفزیۆنییـەکان و کـۆڕ و سـیمینارەکان بانگەشەو پڕوپاگەندەی زۆر خراپ دەبیستین بۆ ئەوە کە ئافرەتان و کوڕو گەنجەکانمان شەرم و حەیایان لـە بەردەمـدا نـەمێنێ!، بـۆ نموونە: کابرایەکی گۆرانی بێـژی ڕەوشـت نـزم، کابرایـەکی خـۆ لێونبووی دۆڕاو، چەند ساڵێك چووە لە ئـەورووپا بـووەو هاتۆتـەوە لەسەر ئاستی ڕەسمی و لەسەر ئاستی بەرز پێـشوازی لێـدەکرێ و

زەمینەی بۆ خۆش دەکرێ و کوڕو کچی ئەو میللەتەی بۆ تێکەڵ دەکرێ، وەك مەڕو بەران بۆی تێکەڵ دەکرێن و دوایـیش کارەبـاو چراشیان لەسەر دەکوژێتەوە بۆ ئەوەی چ لە یەکتر دەکەن بیکـەن، ئەوە کەی لە بەرژەوەندیی کورددایە؟! دین با لە ئەولا بێت، خۆ ئەوە بە پێودانگی کوردایەتیش و وەك داب و نەریتی کوردایەتیش هەر شتێکی خراپەو هەر نزمیی و پەستی یە!

بەڕاستی من زۆرم لا سەیرە خەڵکی سلێمانی دەڵێن: ئەم شارە شاری شێخ مەحموودی حەفیـــدە، شاری کاك ئەحمەدی شێخە -ڕەحمەتی خوایان لەسەربێ-، دیارە ئەوانەو هاو وێنانیان پیاوی گەورەو چاك بوون، وە خەڵکی هەولێر دەڵێن: ئـەم شـارە شـاری قەڵاو منارەیەو شاری فلانە مامۆستاو زانـای پایەبـەرزو فیـسارە کەسایەتی گەورەیە، ئایا لـە کـاك ئەحمـەدی شـێخ و لـە شـێخ مەحموودو گەورە پیاوان و زانایان (علماء)ێك کە لـە سـلێمانی و لە هەولێرو دەڤەری بادیناندا بوو ون ئا ئەو ڕەوشت نزمی‌یـە کـە بەردراوەتێ کە زەمینەی بۆ خۆش دەکرێ، کـە خـەڵکی بـۆ هـان دەدرێ، بە میرات گیراوەو بە جێماوە! وە ئایا ئەو ڕەوشـت نزمییـە شایستەی ئەو میللەتەیە؟! شایستەی ئەو ڕێبازو ڕێ و شـوێنەیە کە ئەو گەورە پیاوانە بە جێیان هێشتوە؟!

پاشان چۆن دەتوانین بڵێین ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحموودو بۆ ئەو گەورە پیاوانەی کە لە هەولێرو لـە

بادینان وکوێ وکوێ بوو ون؟! چۆن دەتوانین بڵێین ئێمە لەسەر ڕێبازی ئەوانین و ڕێزمان بۆیان هەیە؟! چی وەك ئەوانمان پێوە دەمێنێ ئەگەر ئەو ڕچەیەی کە ئێستا خەڵکێکی زۆری لە ژێر سایەی هەر دووك ئیدارە کوردی یەکە گرتوویانەتە بەر، بەردەوام بێت؟!

ئێستا نەك تەنها هەر ئافرەتان، بگرە هەر بەرگ و پۆشاکی کوردی بە گشتی و لە لایەن زۆربەی چین و توێژەکانی میللەتەکەمانەوە، بە تایبەت لە شارەکاندا بووە بە شتێکی عەیبە! وە چاولێکردن و لاساکردنەوەی بێگانە تەنانەت لە بەرگ و پۆشاکیشدا بۆتە نیشانەی شارستانێتی و پێشکەوتن!! کە ئا ئەوە پێناس(هویة) لێ ون بوونەو خۆ لێ بزربوون و خۆ دۆڕاندنەو دەروون بەزینەو کەموزۆر پەیوەندی بە شارستانەتییەوە نیە!، چونکە ئێمە سەرنج دەدەین کە یابانیی و چینی و هیندییەکان ئێستاش لەگەڵ بێ دەستەبەرداری بەرگ و پۆشاك و عادەت و نەریت و بەڵکو دەستبەرداری بتپەرستیی خۆشیان نەبوونەو ئێستاش هەر بت و صەنەم و مانگا، یان (بووزا) دەپەرستن، کە بێگومان بتپەرستیی نزمترین شێوەی بیرکردنەوەیە! کەچی دەستبەرداری نەبوونە، بەڵام ئەوە ڕێگاشی لێنەگرتوون کە لە بواری تەکنۆلۆجیادا زۆر بەرەو پێش بچن، تەنانەت لە هەندێك بواردا یابانییەکان پێش ئەمەریکاو ڕۆژئاواش کەوتوونەوە، کەچی

ئێمە دەڵێین: دەبێ بەرگ و پۆشاکەکەشمان نەمێنێ! ئنجا وابزانین بەوە پێش دەکەوین بەڵام هەر لە جێی خۆشمانین، نەك هەر لە جێی خۆمانین بەڵکو زۆریش بەرەو دوا چووینەوە!!

دیارە ڕیشەو هۆکاری ئەو ڕووتی و بەرەڵڵایی و فەسادە ئەخلاقی و بێ سەرەو بەرەییەش، بە پلەی یەکەم بریتییە لە سەرسام(مُعْجَبْ) بوون بە ڕۆژئاواو، کەوتنە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی ڕزیو و داتەپیوی ڕۆژئاوا، ئەویش بە هۆی ئیمان کزیی‌و ناحاڵی بوون و حاڵی نەبوون لە شەریعەت و پەروەردە نەبوون لەسەر بنچینەکانی عەقیدەو شەریعەتەوە.

جا ئایا کێ لەو حاڵەت و واقیعەی شپرزیی ئەخلاقییە بەرپرسارە؟!

بەڵێ ئایا کێ لێی بەرپرسیارە؟! لە ڕاستیدا هەموومان لێی بەرپرسیارین، من ناڵێم: تەنیا ئەو ئافرەتە داماو هەڵخەڵەتاوانە لە بەرانبەر ئەم واقیع و هەلومەرجە دژوارە ئەخلاقییەدا بەرپرسیارن، هەروەها ناڵێم تەنها ئەو گەنجە داماو و هەرزەکارانە بەرپرسارن کە لە سەنتەری گەنجان و هۆڵەکان و بازەڕەکان و چایخانەکان و پێکەوە کۆدەبنەوە وەك هیچ ئامانجێك نەبێ لە ژیاندا بیهێننەدی مەگەر چاوبازەکێ و قسەی بێ ماناو پیاسەی جادەو کۆڵان نەبێ!

بەڵکو دەڵێم: هەموو لایەکمان لە بەرانبەر ئەم واقیعەدا بەرپرسیارین، چونکە دەبووایە ئێمەی میللەتی کورد ئەو یازدە(١١) ساڵەی دوای ڕاپەڕین خەریکی دروستکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان باین، کوان کارگە (معمل)کانمان؟! کوا کەڵك وەرگرتن لەو هەموو کانزا (معدن)یانەی کە لە کوردستاندا هەن؟! ئێمە وەك بەچکە باڵندە دەممان گرتۆتەوە داخوا کەی بە پێی بڕیاری (٩٨٦) ئازووقەیەك دابەش دەکرێ و دەبڕێتەوە!، بێگومان هەر میللەتێك میللەتێکی ئیستیهلاکی و (مستهلك)[١٨] بێ، میللەتێکی دواکەوتوویەو دەبێ هەوڵ بدەین میللەتێکی بەرهەمهێن (منتج) بین، بەڕاستی پێم سەیرە کە برادەرانی خاوەن ئیدارە کە خۆیان بە حوکمڕان دەزانن بیر لەوە ناکەنەوە ژێرخانێك بۆ ئەم میللەتە دروست بکەن تا گەنجەکانمان چی دیکە ناچار نەبن لەبەر بێکاریی ڕوو لە هەندەران بکەن و لەبەر بێئامانجی خۆیان بدۆڕێنن، بێن لە کارگەکاندا بەرهەمێك وەدەست بێن ولات بەرەوپێش بچێت و ئاوەدان بێتەوە خەڵك ئەوەندە هەست بە نائومێدی (یأس) نەکات، لە ڕاستیدا ئەم

---

(١٨) الاستهلاك: واتە: بەکارهێنان و سەرف کردن،(مستهلك)یش کەسێکە کە ئەوەی غەیری خۆی بەرهەمی هێناوە بەکاری دەهێنێ و خۆی چ کارە نیە، دەخوات بەلام ناکات!

تێبینی: دیارە ئێستاکە (٢٠٠٦/١٢/٥)، بۆتە دەوری شازدە(١٦) ساڵ کە ڕاپەڕینی (١٩٩١) کراوە، بەلام وتارەکە چوار پێنج ساڵ لەمەوبەر دراوە.

واقیعە هەموومان لێی بەرپرسیارین بە ئیسلامییەکانەوە بە تێکڕای خەڵك و میللەتەوە بە ماڵ و خێزانەوە، سوێند بە خوا من پێم سەیرە جاروبار کە هەندێك ئافرەت دەبینم- لەڕێو بان کە چاوت تێی هەڵدەنگوێ- پێم سەیرە کە ئەو ئافرەتە جارێ یەکەم چۆن بۆ خۆی شەرم ناکات کە بە ڕێگادا دەڕوات بەو بەرگ و پۆشاکە نامۆیە کە فەقیرە هەموو ئەندامەکانی دیارن!! پاشان بە لامەوە سەیرتر ئەوەیە کە باب و دایکی چۆن پێیان عەیبە نیە کە ئەو کچە دەچێتەوە تەماشای بکەن، نازانم تەماشای دەکەن یان تەماشای ناکەن؟!! ئایا دەزانن کچەکەیان چۆن دەسووڕێتەوە؟! بە ڕاستیی بە ڕاستی زۆرم پێ سەیرە!!، کە بێگومان زۆر شتی خراپتر لەوەش کە لەسەر جادەو شەقام دەبینرێ، دەبیسترێ! زۆر شتی خراپ دەبیسترێ کە شایستەی ئەوە نیە لەسەر مینبەر باسی بکەین! ئنجا نازانم ئایا ئەو ڕووتی و بەرەڵڵاییە سوودو بەرهەمەکەی چیە؟!

١- جاری لە ڕووی ئابوورییەوە زیانی هەیە ئەو ئافرەتە داماوانە زۆریان هەیە قەناعەتی بەو جۆرە بەرگ و پۆشاکە نیە، بەڵام دەڵێ: بڵێم چی؟ تازە بۆتە عادەت و مۆدێل ئەگەر وانەکەم لێم بەرەخنە دەگیرێ!، زۆریان هەن تێگەیشتنێکی وایان لە دین نیەو ئیمانێکی دامەزراویشیان نیە، بۆیە کەوتوونەتە ژێرکاریگەریی ئەو مۆدیلانە، بەڵێ لە ڕووی ئابورییەوە ئەو

مۆدێل و مۆدیلکارییە بارێکی قورسە چـونکە ئـەو ئافرەتـە فەقیرە شەووڕۆژ هەر خەریکی خۆی دەبێت و پارەیەکی زۆر بە ماڵی بابی مەسرەف دەکات، یان بە مـاڵی مێـردی، چـونکە داوو دەرمان دەکڕێ و میکیاج دەکات،وە هەر ڕۆژەو مۆدیلێك لە بەرگ و پۆشاك لەبەر دەکات و دەیگۆڕێ و.. هتد، ئـەوەش بێگومان لـە ڕووی ئابورییـەوە کـۆلێکی گـران و زیـانێکی گەورەیە.

٢- ئینجا ئەگەر لە رووی ئەمنییەوەش تەماشا بکەین دەبیـنین لە دادگا(محکمة)کانـدا زۆر قەزیـەی جینـسی و دەسـتدرێژی نامووس و چی و چی دەچێتە دادگـاو، لـە ڕووی دادوەریـی و ئەمنییەوە خەڵکێکی زۆرمان سەرقاڵ دەبێ و (ملفات)ی زۆر کۆدەبێتەوە بە هۆی ئەو گرفت وکێشانەوە کـە لـە سـۆنگەی داڕووخانی ڕەوشـتەوە پەیـدا دەبـن و ئـەویش ئـەو ڕووتـی و بەڕەڵاییە کاریگەرترین هۆکاریەتی، ئافرەتێـك کـە سـەرنجی پیاوان بەلای خۆدا ڕادەکێشێ بە بەرگ و پۆشاکی سەیر سەیر وە بە هەڵسوکەوت و ڕەفتـاری نـزم و تۆمـەتبارانـەو گومـان لێکراوانە، ئاشکرایە کـە دوایـی شـت دەقـەومێت و ئـەوەی چاندوویەتی دەیدورێتەوەو خەڵك چاوی تێ دەبڕێت، پاشان کە شت ڕوویدا دەبێ خەرجییەکی زۆر دابین بکـرێ بـۆ یـەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی کە لەوەوە ڕوو دەدەن و ئابڕووچـوون و

کەرامــەت ڕووشــان و عـەیبــداریی دنیــایی و گوناحبــاریی و شەرمـەزاریی دوارۆژیش لەوێ بوەستێ !

٣- پاشان لە ڕووی خێزانییەوە، وەختێك کە خەڵك ئەوەندە تێکەڵ بوو لە دائیرەکان و لە شوێنە گشتییەکان و لە بازاڕەکان و لە هەموو شوێنێك ئەو ئافرەتە دڵی بەو پیــاوەی تــردا دەچــێ و ئەو پیاوە دڵی بەو ئافرەتەی تردا بکات، ئەوە شتێکی سەیرو دوور نیە کە خیانــەتی خێزانــی (الخيانــة الزوجيــة) دروسـت بێت، وەك بیستراوەو بینراوەو گــەلێك ڕووداوی دڵتــەزێن لــەو بوارەدا زانراون و تۆمار کراون !

٤- هەروەها لە ڕووی تەندروستییەوە، ئەو جۆرە بەرگ و پۆشــاکە تەسکەو ئەو جۆرە پێڵاوە تەنگە هەموو دکتۆرو پزیــشکەکان دەڵێن زۆر خراپە بۆ بەدەنیان، ئەو داو و دەرمانانــەی کــە لــە خۆیانی دەدەن زۆر خراپەو زیان بەخشە بۆ پێستیان، یانی لــە هەر ڕوویێکەوە تەماشای بکەی ئەو ڕووتی و بێ بەندوباریی و چاولێکردن و لاساییکردنەوەی ئەهلی کوفر، جگە لــە زەرەرو زیان هیچ بەرهەمێکی دیکەی نیــە، ئیــدی ئێمــە نــازانین چ فەلسەفەیەکی تێدایەو چ هونەرێکی تێدایە؟!، بــە تەئکیــد لە هەموو ڕووەکانی، ئابووریی، ئەدەبیی، فیکریی، زانستیی، تەندروســتیی، نەتەوایــەتیی، ئــەمنیی.. هتــد. ەوە ئەوپــەڕی زیانی تێدایەو من ناتوانم تاکە قازانج و بەرهەمێکی بژمێرم!

خاڵی پێنجەم: قسەی کۆتایی: چارەسـەر چی یە؟

بـەکورتی دەڵـێم: چارەسـەر ئەوەیـە کـە لـە ڕیـشەوە خۆمـان بگـۆڕین و خۆمـان پاکـسازیی و چاکـسازیی بکـەین، چـونکە: بێگومـان ئێمە کـاتی خـۆی کـە (ڕژێمـی بـەعس)مـان ڕاونـاو ڕووخاند تەنها ئەوەندە نەبوو کە دەستەڵاتەکەی لەلای خەڵك ڕەفز بێت، بەڵکو ئەو فەرهەنگ و خوو ونەرێتـە نـەفامیی و ڕەوشـت نزمییەش کە بەعس بڵاوی دەکردەوە هـەر ڕەفـز بـوو، وە فیکـرو فەلسەفەیەکیش کە بڵاوی دەکردەوە دەبێ هەر ڕەفز بێت.

بەڵێ بەڕاستی دەبێ ئێمە شۆڕشێکی عەقیدەیی و فیکریـی و فەرهـەنگی بکـەین ئـەویش بریتییـە لەگەڕانـەوە بـۆ سـەر ڕەسەنایەتیی دینی خۆمان، ئێمە میللەتێکی بێ فەرهەنگ و بێ ناسنامە نین، فەرهەنگ و هەویەی خۆمانمان هەیـە، و بێگومـان ئەو شۆڕشە عەقیدەیی و فەرهەنگی و فیکرییەش وەك پێویـست بە هەموو لایەکمان دەکرێت.

دیسان وێڕای ئەو شۆڕش و گۆڕانکارییی وگەڕانەوە سەربەخۆیە عەقیـدەیی و فیکرییـە، پێویـستە چاکـسازیی لــە بــواری کۆمەڵایەتیشدا هەر بکرێ. من ئاگادارم زۆر لە ئافرەتان دەیانەوێ شوو بکەن، بەڵام لەبەر ئـەو مەرجانـەی کـە لـە نێـو خەڵکـدا بوونەتە داب و دەستوورو ڕەسم وەك مەسرەف ومارەیی زۆرو خانوو و

زێر.. هتد دەبینین کەس لێیان ناچێتە پێش و لە ئەنجامدا ئەو ئافرەتانە دەمێننەوەو دەبنە قەیرە کچ، هەروەها کوڕان هەن بە هەمان شێوە لەبەر ئەو کۆت و زنجیرانەی کە بە گوێرەی عورف و باوی هەڵەی نێو کۆمەڵگا دەست و پێی خۆمانمان پێیان بە ستوون و ژن هێنان و شووکردنمان زۆر وەزەحمەت خستوە.

باوریا بین بەدەردی ڕۆژئاوا نەچین، کە لە کتێبێکدا خوێندمەوە.. دەڵێ: لە هەندێك لەو وڵاتانەدا ڕێژەی ژن هێنان بۆتە (٤٠٪)! ئەویش دوای ئەوەی کە ئەو ئافرەتە چەندەها پیاو تاقیدەکاتەوە هەروەها پیاوەکەش چەندان ئافرەت!، لە(٦٠٪)یش کەس ژن ناهێنێ، دیارە ئافرەتەکانیش شوویان دەست ناکەوێ؟! چونکە هەر لەو جادەو بازاڕە وەك چۆن (سەندەویج)ێك دەخورێت مەسەلەی تێرکردنی جینسیش ئاوای لێهاتوە!، جا ئایا ئێمەش دەمانەوێ ئاوامان لێبێت کە مسۆگەر ماڵی دنیاو دوارۆژمان وێران دەبێ؟!!

کەواتە: باڵە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کارێك بکەین کە چاکسازیی تێدا بێت لەو بارەوە با کارئاسانی بکەین بۆ ئەوەی کە کچەکان بە ئاسانی شوو بکەن و کوڕەکان بە ئاسانی ژن بهێنن، بە ڕاستی هەندێك عادەت و نەریت هەیە کە ڕەواجی سەیرو نامۆو سەغڵەتکەرە، هیچ پەیوەندییان بە شەرعەوە نیە، چونکە لە فەرموودەدا هاتوە دەفەرموێ: باشترین ئافرەت ئەوەیە مارەیی

یەکەی کەم و ئاسان بێت[١٩]، بەڵێ شەریعەتی خوا حەز دەکات کە بە ئاسانی ماڵ پێکەوە بنرێت، ئەو ئاڵۆزیی و گرێ و گۆڵەی کە ئێمە خۆمان دروستمان کردوە لە شەرع دا نیە.

ئنجا وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا گەشە پێدانی لایەنی ئابووری و دروستکردنی ژێرخان بۆ ئەو خەڵك ومیللەتەو هەوڵدان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێك کارخانەو کارگەو سوود وەرگرتن لەو هەموو کانزاو کەرەسەی خاوو وزەیەی کە لەم وڵات و خاکەی ئێمەدا هەیە بۆ ئەوەی هەم وڵاتمان ئاوەدان بێتەوەو بۆ هەموو شتێك هەرچاو لەدەستی خەڵك نەبین و، هەم چی دیکە گەنج و لاوەکانمان لەبەر بەتاڵیی و بێکاریی بە مەلاولادا نەڕۆن و کچەکان لێرە بمێننەوە بە داماوی، دیارە ئافرەتەکان ڕێی چوونە دەرەوەیان نیە بۆیە ناچار ئەوان بە داماوی دەمێننەوە ئاشکرایشە وەك چۆن ئینسان برسی دەبێت وە تینوی دەبێت پێویستی بە خواردن و خواردنەوە هەیە بۆ تێربوون و تێرابوون بۆ لایەنی جینسیش هەر بە هەمان شێوە بە تایبەتیش کە پەروەردەی دینی لاواز بۆ ئەوە بێگومان فشاری جینسیش زۆر دەبێت و لە ئەنجامدا فەسادو خراپە بلاودەبێتەوە، وە لە ڕاستیدا لایەنێکی زۆری ئەو

---

(١٩) وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (إن اعظم النكاح بركةً ايسرهُنَّ صداقاً) رواه البيهقي و أحمد عن عائشة رضي الله عنها

بەرپرسیارێتییەش دەکەوێتە سەرشانی ئێمەی ئیسلامیی، ئێمەی ئیسلامیی لە چەند لایەکەوە بەرپرسیارین:

یەکەم : کە بەڕوویەکی گەش وخۆش بچینە نێو ئەو خەڵکـەوە، بە تایبەت خوشـکانمان بـەڕووی گـەش وخـۆش لەگـەڵ ئـەو ئافرەتانە قسە بکەن و بانگـەوازیان بکـەن و ئامۆژگارییـان بکەن، نەك بە چاوی دوژمنانـەو غەرەزاوییانـەوە تەماشـایان بکـەن، چـونکە بـە تەئکیـد بـێ ئاگـایی و نەشـارەزایی گەورەترین هۆکاریی لەخشتەچوون و بەدەم ڕەشەبای شەهوەت و شوبهەوە چوونیانەو، با پێمان وانەبێ کە ئەو خەڵکە هەمووی لە ناخەوە بڕیاری دژایەتی دیـن و ئـەدەب و ڕەوشـتی بـەرزی داوە!

پێغەمبەری خوا ﷺ لە بواری بانگـەوازو هەڵـسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا فەرموویەتی: (بشروا ولاتنفروا) (متفق عليه)، واتە: دڵخۆشکەر بن و سڵەمێنەرەوە مەبن، یانی: بـا شـێوەی قسەو وتارو هەڵسوکەوتتان وابێ نیزیکخەرەوە بێ نـەك دوور خەرەوە هەروەها دەبێ بەچاوی ڕەحـم و سـۆزو پەرۆشـەوە لـە خەڵك و دەوروبـەرمان بـڕوانین و بـەو ڕووحـەوە مامەڵـەیان لەگەڵ بکەین، چونکە ئێمە شـوێنکەوتووی پێغەمبـەرێکین کە نازناوی (رحمة للعالين)ە!! وە فەرمووشیەتی: (من لایرحم لایرحم) (رواه مسلم).

دووەم: پاشان پێویستە خۆمان نموونەو بەرجەستەیەکی ڕاست و ڕێکی شەرع بین لە هەڵسوکەوتمانداو ئالۆزکاریی (تعقیدات) نەکەین لە مەسەلەی بەرگ و پۆشـاکی ئـافرەت و هەنـدێك ئـاداب و هەڵـسوکەوتدا، چـونکە هەنـدێك خوشـك و بـرای ئیسلامیی لە ژێر فشاری ئەو هێرشە ڕۆژئاواییەدا کە هەیـە بەرگ و پۆشاکی ئافرەتانیان وا لێکردۆتەوە کەچی وای لەبەر ڕووت و قووتییەکەی ئەواندا نیە، زیاتریش بە پاڵنـەری ئـەوە کە دەوروبەرە سەرلێشێواوە کە گلەیی لـێنەکەن و لێی ڕازی بـــــن!!

هەندێکیش هەر لە خەڵکی ئیسلامی لە کاردانـەوە (رد فعل)دا ئافرەتیان وا سەغڵەت و تەنگەتاو کردەوە پابەنـدیان کردوە بە کۆمـەڵێك شتەوە کە شەرعی خوای پـەروەردگار وای نەفەرمووە، وە بێگومـان ئایینی خوا هیچ جۆرە سەغلەتکردنو نارەحەتکردنێکی بۆ ئینسانەکان تێدا نیە، وەك خوای دادگەر فەرموویەتی:

﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ (الحج - ٧٨).

جا بێگومـان ئەم دووانە هەردووکیان هەڵەن و، با خۆمان لـەو تێپەڕاندن و بەزایەدان (افراط و تفریط)ە بپارێزین و، شـەریعەت چۆنی فەرمووەو ڕای بەهێزتر (راجح)ی زانایان چۆنە ئاوا ڕەفتـار بکەین،وە با هەرکاتێك مەسەلەیەك جێگای ڕاجیایی (اختلاف)و مشتومڕی زانایان بـوو بـا لەسـەر بناغـەی سـینگ فراوانـی و

قبوولکردنی ڕای بەرامبەرو ڕێزلێگرتنی مامەڵەی لەسەر لەگەڵ بکەین، نەك لەسەر بنچینەی دەمارگیری(تعصب)و لاساکردنەوە (تقلید)و تەنها خۆ پێ‌هەق بوون!

وەك (ابن المفلح الحنبلي) لە کتێبی (الاداب الشرعية)داو لە بواری فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپەدا لە بارەی (مەسەلەی دیاربوونی دەموچاوی ئافرەت لە ڕێگەوبان) کە ئایا دروستە بەناوی فەرمان بە چاکەکردن و ڕێ لە خراپەگرتنەوە قەدەغە بکرێت؟!

جا لەو بارەوە پرسیارێك دەورووژێنی و دەڵێ: (ئایا دروستە کەسێك بڵێ: نابێ ئافرەتان دەموچاویان دیار بێت؟! دەڵێ: نەخێر، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی خلافی یە) پاشان ابن (المفلح) خۆیشی ئەو ڕایە پەسەند دەکات کە زۆربەی هەرەزۆری زاناو پێشەوایانی ئیسلام پەسەندیان کردووەو دەڵێ: کە ئافرەت دەموچاوی عەورەت نیە[٢٠]ئاشکراشە کە فەرمان بە چاکەکردن‌و ڕێ لە خراپەگرتن نابێ لەو مەسەلەو بابەتانەدا بکرێ کە زانایان ڕای جیاییان لە بارەیانەوە هەیە.

کەواتە با ئێمەش لە لایەکەوە مەسەلەکە زۆر ئاڵۆز نەکەین و میزاج و تەبعی خۆمان لە ڕقی خەڵکی بێ بەندوبارو لە کاردانەوەیاندا- نەکەینە جێگرەوەی شەرع !

---

(٢٠) بڕوانە (الآداب الشرعية) ج ١ ص ٣٥٩.

لەلایەکی تریشەوە وا نەکەین کە بەرگ و پۆشاکی ئافرەتان بە شێوەیەکی لێبێتەوە کە ئەوەی پۆشتەیە لەگەڵ ئەوەی کە ناپۆشتەیە جیاوازییەکی وای نەبێت، دیارە هەمیشەیش ڕاستە ڕێی شەرع گرتن و بە مەلاولادا نەترازان وگیرۆدە نەبوونی تێپەڕاندن و بەزایەدان مایەی سەرکەوتنە لە دینداریيەکی ڕاست و دروستدا.

ئنجا کۆتایی قسەکانیشم بەوە دێنم دەڵێم: بە ڕاستی پێویستە ئێمەی ئیسلامیی بەرامبەر بە میللەت و کۆمەڵگای خۆمان لە هەموو ڕووەکانی سیاسی و ئابووریی و کۆمەلایەتی و ئەخلاقی و فەرهەنگییەوە خۆمان بە بەرپرسیار بزانین، جا ئەو خۆ بە بەرپرسیار زانینە ئەگەر بە قسەیەکی خێریش بێت دەبێ ئەو ئەرکەی سەرشانمان جێبەجێ بکەین و، هەرچییەکیش لە دەستمان بێ نابێ کەمتەرخەمیی تێدا بکەین، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته...) (متفق عليه)، واتە هەرکامێکتان چاودێرەو بەرامبەر بە میللەت و کۆمەڵگایەکەی بەرپرسیارە.

بەڵێ خوشك و برایەکانم پێویستە گوتنی هەقێکیش بێ ئەرکی سەرشانمان جێبەجێ بکەین چونکە ئەم میللەتەی ئێمە پاراستنی و سەرخستنی و بەختەوەرکردنی، بەرپرسیارییەك و ئەرکێکە لەسەر شانی هەموو لایەکمانە، ئێمەش وەك ئیسلامیی دەبێ خۆمان بە بەرپرسیار بزانین کە ئەگەر بە ئامۆژگاری و قسەیەکی

خێرو بە بەرچاو ڕوونکردنەوەیەکی خێریش بێ کە بێگومان ئەمەش کەم نیە و زەحمەتیش نیە، پێویستە ئەدای ئەو بەرپرسیارێتییە بکەین، بەڵام دەبێ دڵنیاش بین کە بە دەستبار بۆ یەکتر گرتنی هەموو لایەك نەبێت ئەم وەزعە چارەسەر ناکرێت و، دەبێ هەموو لایەك دەستبار بۆ یەکتر بگرین بە تایبەتی هەردوو ئیدارەکەی سلێمانی و هەولێری برادەرانی (یەکێتی و پارتی) بە ڕاستی پشکی گەورەی ئەو بەرپرسیارێتییە بەر ئەوان دەکەوێت[21] و ئەرکی گەورە لەسەر شانی ئەوانە، دەبێ ئەوان دووربین و وردبین بن لەوەی کە ئەو کۆمەڵگایە بەرەو چی دەچێت لەڕووی سیاسییەوە پرۆژەی سیاسیمان چییە؟! چۆن ئەو کیان و قەوارەیە بپارێزین لە ڕووی ئابووریی و لەڕووی کۆمەڵایەتی و لە ڕووی فەرهەنگییەوە؟ بۆچی دەبێ ئێمە هەر شوێنیکەوتە و لاساکەرەوەی خەڵکێك بین کە خوا خەشم و غەزەبی خۆی بەسەردا ڕشتوون و خۆیان گیریان خواردوە بەدەستی خۆیانەوە؟!!

---

(٢١) چونکە ئێستاکە ئەوان حوکمڕان و کاربەدەستن و واریداتی وڵاتیان لەبەردەست دایەو خێرو شەڕیان لەدەست دێ و تاڕادەیەکی زۆر جڵەوی وڵاتیان بەدەستەوەیە! تێبینی ئەم وتارە هی (٢٠٠٢)یە کە ئەو کاتە دوو ئیدارە نەخرابوونەوە سەریەك ، ئێستاش بە حیساب خراوەنەتەوە سەریەك بەڵام دوو فلیقانەیی و ناتەبایی هەر زۆرە! (٥ /١٢/٢٠٠٦)

بۆچـی نابـێ بیرێکـی جیـددی بکەینـەوە کـە گـۆڕان و وەرچەرخانێکی ڕیشەیی لەهەموو بوارەکـانی ژیـان و گوزەرانـدا ڕووە و ئیسلام بەسەر خۆمـان دا بهێنین؟!!

ئەوە بێگومان ئەرکێکە کە لەسەر شانی هەموو لایەکمانە کە زۆر بە جیددی بـیر لـە چـارەنووس و سـەرەنجامی ئـەو خـەڵك و میللەتـەمان بکەینـەوە کـە بـەرەو هەڵـدێر نەچـێت و لـە داڕووخاندنی ڕەوشت بە دوور بێت و لە هـەر جـۆرە پاشـکەوتن و هەرەس و داڕووخانێکی دیکـە لـە هـەموو بوارەکـانی عەقیـدەو سیاسەت و ئابووریی.. هتد بەدوور بێ...

خوا بەلوتف و کەرەمەتی خـۆی یارمـەتی هـەموو لایـەکمان بـدات کـە زۆر دڵـسۆزانە ئـیش بـۆ ئـەم میللەتـە بکـەین و بیگێڕینەوە ژێر سایەی شەریعەتی خۆی، خوایە داوات لێدەکـەین کە بەرچاو ڕوونترمان بکەی، وە خوایـە هیدایـەتمان بـدەی چـیت فەرمووە جێبەجێی بکەین، خوایـە حـەیاو حەشمـەتی زیـاتر بـە ئافرەتەکانمان بدەی، خوایە ئابڕوو کەرامەتی زیاتر بە گەنجەکانمان ببەخـشی، خوایـە دڵـسۆزیی و مـشوورخۆیی و دووربینـی و دادگەریی بە بەرپرسـەکان ببەخـشی، خوایـە یارمـەتی هـەموو لایەك بدەی کـە بـە شـێوەیەك بجووڵێنـەوەو ڕەفتـار بکـەن، کـە شایستەی میللەتێکی موسڵمان بێ، کە شایستەی کۆمەڵێك بێ

کە خۆیـان بـە شـوێنکەوتووی پێغەمبـەر ﷺ وئۆممـەتی ئـەو دەزانن!

خوایە شیفای نەخۆشەکانمان بدەی، خوایـە قوتابییـەکانمان لـە کاتی تاقیکردنەوەکانیان دان یارمەتییان بدەی سەعی و کۆششی باش بکەن و پلەی باش بێنن، خوایەهەر موسڵمانێك هەرگرفتو کێشەیەکی هەیە بۆی چارەسەر بکەی. ئامین.

وصلى الله على محمد و اله وصحبه اجمعين

والحمد الله رب العالمين

نێـــوەڕۆك

لاپەڕە	بابـــەت
٦	پێشکەش بێ
٧	پێشـەکی
١٢	ئەم نامیلکەیە
١٤	دەقی وتارەکە
١٥	دەسـتپێك
٢٠	خاڵی یەکەم: ڕەوشت و خـووی بـەرزو پەسـەند شـوورەو حەسـارو پەرژینی کۆمەڵەگایە
٣١	خاڵی دووەم: بڕیاری شەریعەت سـەبارەت بـە چـۆنیەتی پەیوەنـدی جینسی نێوان پیـاوو ئافرەت.
٣٤	یەکەم : لەسەر بنچینەی شەرع پێکەوەنانی خێزان
٣٩	دووەم: نەچوونە ماڵی یەکدی بەبێ مۆڵەت وەرگرتن.
٤٠	سـێیەم: خۆپاراستن لە ڕوانینی حەڕام
٤١	چوارەم: جوانیی خۆ دەرنەخستنی ئافرەت بۆ پیاوانی نامەحرەم
٤٢	پێنجەم: بە جیاو لە شوێنی چـۆڵ پێکـەوە نـەبوونی ئـافرەت و پیاوی نامەحرەم.
٤٣	خاڵی سـێیەم: حیکمەتی بەرگ و پۆشاکی شەرعییانەی ئافرەت.
٤٩	خاڵی چوارەم: واقیعی میللەت و کۆمەڵگاکەمان لـەڕووەوە چـۆن دەبینین و کێ لێی بەرپرسـیارە؟!
٦٠	خاڵی پێنجەم: قسـەی کۆتایی، چارەسـەر چی یە؟
٧٠	نێوەڕۆك